بەرنامەی ڕزگاری مرۆڤ

ڕێگاکانی پەروەردەی ئیمانی

م.سلاح قادر حسین چنارەیی

- چۆن لە ژیان بەدوور ئەبی ؟
- چۆن چاك دەبی ؟
- کە :
- چاکێتی ئاواتی هەموو مرۆڤێکە .
- مایەی خۆشی و سەربەرزیە .

چاپی یەکەم
٢٠١٣

بەرنامەی رزگاری مرۆڤ



ڕێگاکانی

پەروەردەی ئیمانی

مامۆستا

سەلاح قادر حوسەین

چنارەیی

چاپی یەکەم

٢٠١٣

ناوی کتێب : ڕێگاکانی پەروەردەی ئیمانی

نوسینی : م . صلاح قادر حسین چنارەیی

دیزاینی بەرگ : نظام الدین صلاح

نۆبەی چاپ : چاپی یەکەم

تیراژ : (١٥٠٠) دانە

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتیەکان
ژمارە (   ) ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەش بە :

- گیانی پاکی هەموو پێشینەکان و شەهیدانی کاروانی خواناسی ..
- هەموو تێکۆشەرانی رێگای راستی(صراط المستقیم)
- هەموو چاکە خوازان .

پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێزێکی تایبەتی بە مرۆڤ بەخشیوە ، درودی ئەو خوا گەورە برژێ بەسەر گیانی.پاکی پێغەمبەری نازداردا کە چل ساڵ لە قوتابخانەیەکی تایبەتی خواییدا فێرکرا و پەروەردە کرا و بڕوانامەی سەرکەوتوترین پەروەرشکار و پێشەوایی پێ بەخشرا لەلایەن پەروەردگارەوە :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَـٰكَ شَـٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا ﴿٤٧﴾ ﴾الأحزاب/٤٥-٤٧ .

واتە : ئەی پێغەمبەر! بێگومان ئێمە تۆمان ناردووە تاکو شایەتیدەر بیت (بەسەر ئوممەتی ئیسلامەوە کە پەیامی خوات پێ ڕاگەیاندون) وە مژدە بەخشیت (بە ئیمانداران بەوەی ڕەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین چاوەڕێیانە) وە ترسێنەر بیت بۆ (بێ باوەڕان لە خەشمی خوا و دۆزەخ) .

وە بەرنامەی بەختیاری مرۆڤیشی بۆ نارد:

﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾الزمر/٢ .

واتە: بێگومان ئێمە ئەم قورئانەمان ڕەوانە کردووە بۆ تۆ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) تا حەق و ڕاستی ڕون بکاتەوە ، کەواتە تەنها خوا بپەرستە و ملکەچ و دڵسۆز بە بۆ ئایین و بەرنامەکەی .

ئەوجا پێغەمبەر(ﷺ) خۆی بو بە هەڵگرو پەیڕەوکارێکی ڕاستەقینە و باشترین نمونە بۆ لێوەرگرتن و شوێنکەوتنی :

﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا﴾الأحزاب/٢١.

واتە: سوێن بە خوا بە ڕاستی پێغەمبەری خوا چاکترین سەرمەشقە تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون ، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە ، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە ، وە بەردەوام یادی خوا بە زۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بە یادی ئەو .

بەڵێ ئەم ئەرکە بە پێغەمبەر(ﷺ) سپێردرا لەو چەرخەی کە بەهۆی نەفامی وگومڕایی مرۆڤەکانەوە بوو بوو بە تاریکستان و جەنگەڵستان، بە خەباتی بێوچانی پێغەمبەر(ﷺ) بانگکردنی مرۆڤەکان بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلام، پەروەردەکردنی هاتووان بە پەروەردەی قورئانی، شارستانیەتێکی ئیسلامی بەرپابوو ، بو بە چەرخی زێڕین .

بەڵێ خوای خاوەن هێزو توانای ڕەها بەختەوەری دنیا و قیامەتی بەستوە بە ئیرشادو ئامۆژگاری قورئانیەوە، ئەمەش بەو کەسانە دەبەخشێت کە هەوڵی بۆ دەدەن و خەباتی لە پێناودا دەکەن، ئاشکرایە هەر مرۆڤێك هەڵگری بەرپرسێتی کەسێتی خۆیەتی ، دەبێ زۆر بە گەرمی لە خەمیا بێ، تاکو خۆی نەدۆڕێنێ ، وە نەفسی خۆی پاك و پوخت بکاو

ئیمان و ترسی خوای تیا بڕوێنێ، ئەوکات خۆی دۆزیوەتەوە و بووەتە خاوەنی گەورەترین دەسکەوت.

جا براو خوشکی باوەڕدارم؛ هێزو تواناکانت به گەرمی بخەکار له پێناو سەرکەوتنی خۆتو وەدەستهێنانی بەختیاری ، باش ئامادە بە بۆ وەرگرتن له پەروەرشکارە دڵسۆزەکەت .. له پاشدا له پێناو تەواوکردنی باوەڕەکەتدا بکەوە خەمی برا و خوشکانت ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی :

{ لا يُؤمِنُ أحَدَكُم حَتَى يُحِبَّ لأخِهِ ما يُحِبُّ لِنَفسِهِ } ..

هەر ئەو پاڵنەرەش بەندەی جوڵاند و قەڵەمم گرتە دەست تا خزمەتێك پێشکەش بکەم بە برا و خوشکە مرۆڤەکانم بە گشتی و باوەڕداراز بە تایبەتی.

بە هیوای پشتیوانیو تەوفیقاتی خوایی..

نوسەر

بەرنامەی رزگاری و ئاسودەیی مرۆڤ ..

خوای گەورە ؛ بەدیهێنەری بونەوەر و مرۆڤەکان ، مرۆڤی بەدیهێناوە و لەسەر زەوی نیشتەجێی کردووە و ئەرکێکی زۆر گەورەی پێ سپاردوە و بەرنامە و پێغەمبەرانیشی بۆ ناردون ، دوایین پێغەمبەریان محمدە(ﷺ) بەرنامەکەشی ئیسلامە کە سەرچاوە سەرەکیەکەشی قورئانە، ئەو قورئانە کە هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە و هەموویشی لە شوێنی گونجاوی خۆیدا داناوە:

﴿الٓر ۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾

هود/١.

واتە: ئەمە کتێبو پەیامێکە کە ئایەتو یاساکانی بە شێوەیەکی راستو دروست پێکەوە پەیوەست کراون و جۆش دراون، پاشان درێژەیان پێدراوە و روون کراونەتەوە لەلایەن زاتێکەوە کە دانا و بە ئاگا و لێزانە .

﴿إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٍ﴾القمر/٤٩ .

واتە: بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە . بەڵێ قورئان دەرمانی دەردەکان دەخاتە بەر دەستی مرۆڤ ، رێنمایی جوان و وردی بەکار هێنانیان ئاراستە دەکات ، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە .. قورئان هێمایەکی رونی کردوە بۆ دەردێکی سامناکی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی کە زیانکردنە ئەمەش لە سورەتێکی کورتی دوودێڕیدا ، کە سورەتی "العصر"ە، با بە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە بچینە ناو ئەو دەرمانخانە؛ ئەگەر کەسێکی زۆر راستگۆ و دڵسۆز پێت رابگەیەنێت ، بڵێ گەر بچیتە ناو ئەو باڵەخانە

کارەبا دەتگرێت؛ توخوا ئەگەر باوەڕ بە وتەکەی بکەیت و ژیریت لە کارا بێت دەچیتە ناو ئەو باڵەخانە ؟ گەر کەسەکە سوێندیشت بۆ بخوات لەسەر راستی وتەکەی و تۆش گوێت نەدایە و چویتە ناو ئەو مەترسیە سامناکە ناوی دەنێیت چی ؟ .

بەڵێ دڵسۆزترین کەس بۆ مرۆڤ که خوای بڵند و مەزنە، بەدیهێنەر و خاوەنی بونەوەرە راستگۆترین و بەئاگاترینە .. سوێندمان بۆ دەخوات و ئاگادارمان دەکات کە مرۆڤایەتی بە گشتی لە زیاندایە ؛ لە بازرگانیدا لە پیشە و سەرفکردنی تەمەن، لە ئیش و کار و هەوڵ و خەباتدا .. ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝﴾ وە دەرمانی ئەو دەردەشمان بۆ دیاری دەکات لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی :﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴾

لەم سورەتەدا بە کورتیو رونی رێگای رزگاری مرۆڤ لە زیانکردنو گەیشتنی بە رەزامەندی خوا دەخاتە پێش چاو، کە ئەوەش ئەوەیە: مرۆڤ هەڵگر و پەیڕەوکاری پەیامی خوا بێ لە ژیاندا ، وە ناوەڕۆك و چۆنیەتی ئەم پەیامەشمان بۆ دیاری دەکات بە کورتی لەم دوو وشەدا (چاکی و چاکسازی) کە ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ هێما دەکات بۆ سیفەتی یەکەم کە چاکبوونە ، وە ﴿تَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ هێما دەکات بۆ سیفەتی دووەم کە چاکسازی یە، کەواتە :

- بەشی یەکەم لە پەیامی موسڵمان لە ژیاندا ئەوەیە کە : (خۆت چاککە و چاکبە ئینجا خەڵکیش بانگکە بۆ چاکبوون) .. چاکبوونیش بریتی یە لە کۆی ئەم دوو نێوانە:

- دیدێکی راست و دروست دەربارەی گەورەترین راستیەکانی بوون {بەدیهێنەر ، مرۆڤ ، ژیان ، بوونەوەر ، دوژمنی مرۆڤ ، مردن ، پاشەڕۆژ} کە ئەمەش (ءَامَنُوا) دەینوێنێ و تیشکدانەوەیەکە دەکشێت بۆ ژیری قایلی دەکات، وە بۆ دڵ و سۆز و دەیانهەژێنێ ، وە بۆ ویست و دەیجوڵێنێ .
- رەوشتی چاك و کردارو رەفتاری باش کە (عمل صالح) دەینوێنێ و وەرگێڕانێکی کردارییە بۆ باوەڕ و رەنگدانەوەیەکی رەفتارییە بۆ ئەو بیروباوەڕە .

- بەشی دووەم لە پەیامی موسڵمان ئەوەیە کە چاکساز بێت؛ بەوەی کە مەشخەڵی هیدایەتدان بێت،وە خێر و چاکەی بۆ هەموو مرۆڤێ بوێ، وە رێگای رەوا و چاکیان بۆ رون بکاتەوە، وە تێکۆشێ بۆ پەخش کردنی رەوشتە جوانەکانو بەها مەزنەکان و نەریتە باڵاکان لەناو کۆمەڵدا.

بەڵێ بۆ رزگاربون لەم زیانە سەختە چوار هەنگاوی دەوێ وا بە پشتیوانی خوا بە کورتی و رونی پێشکەشتانی دەکەین :

هەنگاوی یەکەم : پەروەردەی ئیمانی : { ءَامَنُوا}

هەنگاوی دووەم : خستنە گەڕی تواناکان لە چاکە کردندا :

{وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ }

هەنگاوی سێ یەم: رێنمایی کردن و فەرماندان بە راستی و ڕەوا ::

{وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ}

هەنگاوی چوارەم : ئامۆژگاری و رێنمایی کردن بە ئارامگرتن :

{وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ }

پەروەردگارمان بە تەمای تەوفیقات و شیفای تۆین .

هەنگاوی یەکەم : پەروەردەی ئیمانی : { ءَامَنُوا}

خوای گەورە مرۆڤی بەدیهێناوەو پێکی هێناوە لەم چوار لایەنە سەرەکییە: { ژیری ، دڵ ، نەفس و لاشە } ..

مرۆڤ کە کاروانی ژیانی دەست پێدەکات لەسەر زەویدا لەکاتی دابەزینیەوە لە منداڵدانی دایکی بەم چوار پێکهاتەوە ژیان دەست پێدەکات کە گەشەیان تەواو نەبووە و خوای بڵند و بێگەرد وای پێکهێناوە بە بچوکی و توانای سنوردارەوە رێگا بگرێتە بەر ، وە تایبەتمەندی گەشەکردنی پێداوە :

﴿وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾النحل/٧٨.

واتە: خوای گەورە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێناوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن ، ئینجا دەزگای بیستن و بینین‌و تێگەیشتنی بۆ دابین کردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن .

ئەم چوار لایەنە پێویستیان هەیە بە پێدانی خۆراکی گونجاو و ئاگاداری بەردەوام و پشتگیری و بەهێزکردن تا کاریگەری هەمیشەییان هەبێ لە ئاراستە کردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا کە بەندایەتی کردنێکی راستو دروستە کە بە کورتی بریتی یە لە: خۆ شەحن کردن بە نوری خوا بە هۆی پەرستشە تایبەتیەکانەوە وەك نوێژ و رۆژوو وە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و دامەزراندنی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو خۆشگوزەرانی ژیان تیایدا تا هەموو مرۆڤەکان بەخۆشی بژین ، وە لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا مرۆڤەکان لەتاقیکردنەوەدان :

﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾﴾الملك/٢ .

واتە: ئەو خوا مردن و ژیانی بەدیهێناوە ، تا تاقیتان بکاتەوە ، کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەند ترە ، هەر ئەویش زاتێکی بالادەستە بەسەر بێباوەڕاندا ، وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران .

وە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی باش و هەمیشەیی دەرکەوێ لەسەر هەریەکە لەم چوار لایەنەی پێکهاتەی مرۆڤ پێویستە رێگای پەروەردە کردن و گەشەپێکردن و راهێنان بگرنە بەر تاکو پێدەگەن و چاکدەبن و هەریەکەیان بەشداری دەکات بە کاریگەرییەکەی لە پێگەیاندنی موسڵمانێکی چاکەخواز تاکو هەستێ بە جێبەجێ کردنی ئەرکە بنەڕەتیەکەی کە بریتیە لە ناسینی خوا و باوەڕپێکردن و ترسان لێیو بەجێهێنانی دینەکەی لە خودیا، ئینجا لە خودی موسڵماناندا وە

هاوكارییەكی تەواو بكات لە خەباتی گەیاندنی بە هەموو مرۆڤایەتی ، جا بە كورتی ڕێگای پەروەردەی ئیمانی دەگرینە بەر بەم شێوەیە :

(أ) **پێناسە** :

(١) **پەروەردە** : واتە گەشەكردن و زیادكردن و گەیاندنی هەر گیانلەبەرێك بە تەواوێتی بە شێنەیی و وردە وردە .

یا :ڕودانی گۆڕانكاری یا كارتێكردنێكی هەمیشەیی لە شتەكە .. ئیتر دەكرێ ئەم كارتێكردنە بە باشە بێ یا بە خراپە ، وەكو ئەو كەسەی پەروەردە بكرێ لەسەر ڕاستگۆیی، ڕاستگۆ دەردەچێ، وە ئەوی پەروەردە بكرێ لەسەر درۆ، درۆزن دەردەچێ، وە كرداری پەروەردەكردن پێویستی هەیە بە مەشقپێكردنێكی هەمیشەیی تاكو دێتە بەر ..

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی : " الخير عادة " حديث حسن رواه ابن ماجة .

- ڕێكخەرەكانی پەروەردە :

چەند فەرمانێك هەیە پێویستە ڕەچاو بكرێت لەكاتی باس كردن لەسەر پەروەردە و پێداویستیەكەی لە گۆڕانی تاك و كۆمەڵدا ، وەك :

١. پەروەردە لە خۆ بگیرێ وەك جێگیرێكی سەرەكی و تاقانە بۆ گۆڕانكاری ڕاستەقینە، ئەگەر گۆڕینی باری تاك و كۆمەڵ لە خراپەوە بۆ باشترین پەیوەست بێ بە گۆڕینی ئەوەی كە لە نەفسدایە :

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾الرعد/١١.

واتە : بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت(لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی ، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە

گرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن .

واتە : بۆ ئەم گۆڕانکاریە پێویستە ڕێگای پەروەردە کردن بگیرێتە بەر. بەڕاستی ئەو بەختیارییەی کە هەمو خەڵکی بەدوایدا دەگەڕێن، دەڕژێت بەسەریاندا لە دەروون و دڵیانەوە، وە هەرگیز لەدەرەوەی دڵەوە دەستناکەوێت ، وە ئەو بەدبەخییەی کە دەوری داون و لێی رادەکەن لە دەروون و دڵەوە دوچاری هاتوون .

٢. پەروەردەکردن بەردەوام بێ و لە پچڕان و وەستان بەدوور بێ : چونکە ئەو فەرمانەی کە بە پێویستی گێڕاوە هەمیشەییە و ناپچڕێ و ناشوەستێ تاکو مردن :

﴿ وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ ﴾ الحجر/٩٩ .

سەرنجی ئەم ئایەتەش بدە : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِي نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِن قَبۡلُۚ ... ﴾ النساء/١٣٦ .

واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، بەردەوام و دامەزراو بن لەسەر ئیمان بە خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەو قورئانەش کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی و بەو کتێبانەش کە پێشتر رەوانەی کردوون .. محمد قطب لەسەر راڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت .: واتە: پارێزگاری بکەن لەسەر باوەڕەکەتان ، بەردەوام بن لەسەری ، بێ ئاگا مەبن لەسەر پاراستنی ، سارد مەبن لە چاودێری

کردن و ڕەچاو کردن و خۆراك پێدانی و بەهێز کردن و بایەخ پێدانی.[1]

فەرمودەی رسول الله(ﷺ) کە پشتگری ئەم واتا دەکات: {انَّ الایمان یَخلَقُ في القُلوبِ کما یخلَقُ الثَّوبَ ، فجَدِّدوا إیمانکُم}حدیث، حسن رواه الطبراني

هەرچەندە مرۆڤ تەمەنی بەرز ببێتەوە ، پلەی بەرپرسیاری بەرز ببێتەوە ، دەبێ بەردەوام بێت لە پەروەردەبوندا تاکو بتوانێ بەردەوام بێ لە هەڵسان بە ئەرکی بەندایەتیکردن بۆ خوای بڵند و باڵادەست ، وە سەرکەوتوو بێت لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیشەییەی کەوتۆتە ئەستۆی، بە دڵنیاییەوە دڵی مرۆڤ خێرا دەگۆڕێت ، زوو لە بیری دەچێتەوە . دڵ چاکدەبێ روناك دەبێتەوە ، پڕدەبێ لە نور .. بەڵام ئەگەر ماوەیەکی بەسەراچو بەبێ بیرخستنەوە ، بەبێ یادکردنەوە ؛ حیل و ڕەق ئەبێ ،

دەروونیش وەك دیلێك وایە کە هەوڵ دەدات بەرەنگاری دیلکردنەکەی ببێتەوە، دەبێ هەمیشە بێدار بیت تاکو لە دەستت هەڵنەیە و ئەو تۆ بەند بکات و ملکەچی فەرمانەکانیت بکات. هەروەها ژیریش پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام زانستی بەسودی پێبدەی تاکو هەستەکانی فراوان بێ و تێگەیشتن و پەی پێبردنی فراوان بێ ، پەنجەرەکانی لێبکرێنەوە ئەوەی ناسینی خوا و لە خوای نزیك دەخاتەوە پەرەبسێنێ : ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴾طه/١١٤.

[1] لە کتێبی (مکانة التربیة في العمل الاسلامي)لمحمد قطب ، دار الشروق ،ص٢٦ .

واته : نزا بكه و بشڵێ : پەروەردگارا بەردەوام زانست و زانیاری زۆرترو زیاترم پێ ببەخشە .

وه لاشەش بەردەوام پێویستی هەیە بە پەروەردە و وەرزش و جوڵان و راهێنان تاکو بتوانێ پەیڕەوکار و هەڵگر و گەیەنەری ر استەقینەی ئیسلام بێ، ئەگەر وانەکات توشی خاوبونەوە و تەمەڵی دەبێ وئەمەش وایلێدەکات کە زۆرێك نهێنی مانا و مەبەستی ئەوەی فێری دەبێ تێنەگات.

﴿أَلَمۡ يَأۡنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخۡشَعَ قُلُوبُهُمۡ لِذِكۡرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلۡحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلُ فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ فَقَسَتۡ قُلُوبُهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ﴾ الحديد/١٦

واته : ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، دڵەکانیان بە نوری ئیمان ملکەچ و روناك بۆتەوە ، ترسی خوای تێدا بڕوێنن بەهۆی یادی بەردەوامی خوا و ئەو قورئانەی کە رەوانە کراوە، وەك ئەو کەسانە نەبن کە کتێبی ئاسمانییان بۆ رەوانە کرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دور و درێژ ، دڵیان رەق و رەش بوو، زۆربەشیان یاخی و سەرکەش و نالەبار دەرچوون .

ئەم سەرزەنشتەی کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئاراستەی یارانی پێغەمبەری کردوە ، پێویستە وامان لێبکات کە هەمیشە بەردەوام بین لە پەروەردە کردنی خۆماندا .

٣. پێویستە پەروەردە کردن هەرچوار لایَ کەسێتی مرۆۋ بگرێتەوە بە هاوسەنگی .

بەڕاستی پشت گوێ خستنی هەر لایەکیان دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی پەروەردە و پێنەگەیشتنی بەری دروست : بۆ نمونە : ئەگەر گرنگی درا بە فێربوونی زانست و کەمتەرخەمی کرا لە گەشەپێکردن و زیادکردنی باوەڕی کەسێکدا ، لە ئەنجامدا کەسێك دەردەچێت، بەراورد کردنی زۆر دەبێ، دەق زۆر لەبەر دەکات، زۆر دەدوێ لە بەها باڵاکان و ڕێباز و واتا بەرزەکان، بەڵام دەبینی لە بەرامبەر یا لە واقیعدا وەك وتەکانی نیە، باسی دادپەروەری و یەکسانی دەکات ، بەڵام لەگەڵ خەڵکیدا بە گوێرەی ئەم بەهایانە مامەڵە ناکات، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی کە ئەم بەرپرسیانە، باسی زوهد دەکات لەگەڵ گرنگی کارکردن بۆ قیامەت بەڵام دەبینی خۆی هۆگرە لەسەر کۆکردنەوەی سامان و زۆر بە کەمی و زەحمەت لێیدەبەخشێت، هەموو شتێك زۆر ورد دەکاتەوە با زۆر بچوکیش بێت .. ئەمەش هەمووی بە هۆی گرنگی نەدان بە باوەڕ بە پلەی گرنگیدان بە فێربوونی زانست ، ئەوەی ماوەی وتە و کردار نزیك دەخاتەوە ، وە تەرجومەی زانست دەکات بۆ ڕەفتار بریتی یە لە : { وزە و هێزی گیانی پێکهاتوو لە باوەڕ. }

وە ئەگەر گرنگی دا بە باوەڕ بەبێ زانست و تێگەیشتن، دەبینی کەسێکی نەفام دەردەچێ، توند دەبێ لەوانەی کە نابی توندی تیا بکرێ، وە شلی دەکات لەوانەی کە نابی شلی تیا بکرێ، دەبینی کەسێکی ئاسۆ تەسکە و ناتوانێ لەگەڵ واقیعو تازەگەریەکانی سەردەمدا مامەڵە بکات[1] .

---

[1] نمونەی ئەو قەشەیەی کە کابرا کوژەری (٩٩) کەسەکە پرسیاری لێدەکات؛ ئایا ئەگەر تەوبە بکەم خوا لێم خۆش دەبێت ؟ لە وەڵامدا دەڵێت نەخێر !

وە لە بارێکدا ئەگەر گرنگی دا بە زانست و باوەڕ و گرنگی نەدات بە دەروون وخاوێنکردنەوەیی پشت گوێ خست ، لە ئەنجامدا کەسێکی زانا و پەرستش زۆر دەردەچێت، پێشبڕکێ دەکات لە کاری خێر و خەباتکردندا، بەڵام دەبینی کەسێکی فوتێکراوە ، سەیری خۆی دەکات بە وردبینێکی گەورەکار، بەڵام بە پێچەوانەوە سەرنجی خەڵکی دەدات، چونکە زۆری پەرستشەکانی و ویردەکانی و بەخشینەکانی خۆراکی باوەڕ بەخۆ و تواناکانی دەدەن و فوی تێدەکەن و وایلێدەکەن کە خۆی لە خەڵکی بەباشتر بزانێ وە بە بەسەربردنی رۆژان و بەردەوام بوونی سەرکەوتنەکانی نەخۆشی لەخۆبایی بوونی تیا جێگیر دەبێ لە دوایشدا بەخۆنازین و خۆبەزلزانین پەنا بەخوا، خۆی دەخاتە بەر هەڕەشەی خوا و سوتانی کردەوە چاکەکانی.

وە ئەگەر گرنگی دا بە پەروەردەی دەروون و کەمتەرخەمی کرد لە پەروەردە بوونی ئیمانی دروست، لەوانەیە کەسێکی زۆر بە گلەیی و رەخنە لەخۆگر و بە پەژارە بۆ باری خۆی و زۆر باسی خۆی و چالاکیەکانی دەکات، بەڵام ناتوانێ واز بێنێ لەوەی کە خەم و پەژارەی دەداتێ، چونکە ئەو هێزی نیە کە پاڵنەر بێ بۆ پاراستنی دەروونی لە لادان، کە ئەویش هێزی باوەڕە .

وە ئەگەر گرنگی دا بە پەروەردەی زانستی و باوەڕ و دەرون بەڵام گرنگی نەدا بە جوڵە و تێکۆشان لە رێی خوادا ؛ بانگگردنی خەڵك بۆلای خوا وفێرکردن و تێگەیاندنیان لە باوەڕ و ئیسلام، دەستکردنیان بۆ گۆڕینی دەروونیان بە ئیزنی خوا، ئەو کەسە بە دڵنیاییەوە توشی خاوبونەوە و تەمەڵی دەبێ، ئەو کاتە وایلێدێت کە لە نهێنی مانا و مەبەستی زۆرێك لەوەی فێریبووە تێنەگات، ئەی چۆن وایلێناکات کە ئەو ئەوەی کۆیکردۆتەوە بەکاری ناهێنێ بە کردار ، ئەمەش وەك بیرێك؛ کە

وازی لێبهێنرێ و ئاوی لێدەرنەهێنرێ ؛ئاوەکەی دەگەنێ و دادەچێ و وشك دەبێ، (سید قطب) له تەفسیری(في ظلال القرآن)دا (ل٢٠٣٨) دەڵێت : " به دڵنیاییەوە راستێتی قورئان هەرگیز ئاشکرا نابێت بۆ ئەوانەی کەنارگیرن"

وه هەروەها رەنجدان و تێکۆشان و خەباتکردن له رێی خوادا بەبێ توێشووی بەردەوام به دڵنیاییەوە توشی ئەنجامێکی خراپ و به زیان دەبێت، بۆ خستنه روی ئەم مەترسیه ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) بەسه : {مَثَلُ الذي يُعَلِّمُ النّاس الخير ، و يَنسي نَفسَهُ ، مِثْلُ الفَتِيلَة ، تُضيءُ للناس ، و تُحْرِقُ نَفسَهُ} رواه الطبراني .

کەواته هاوسەنگی له نێوان ئەم دوولادا زۆر پێویسته : دەبێ تێشو هەبێ، وه دەبێ بزواندنیش هەبێ بەم توێشووە، ئەمەش کەسی لێ جیاناکرێتەوەتەنانەت پێغەمبەریش(ﷺ)، ئەوەتا خوای گەورە ئاراستەی دەکات :﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ ﴾الشرح/٧ . واته : هەر کاتێك له کارێکی خێر بویتەوە به شەونوێژ و یادی خوا گیانت به نوری خوا شەحن بکەرەوە ئەگەر سەرنجی ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) بدەین بۆمان روندەبێتەوە که چەندە گرنگی داوە به خەبات و تێکۆشان له رێی خوادا و کۆکردنەوەی توێشوی رێگا به بەردەوامی هەروەها یاران و شوێنکەوتووە راستەقینەکانی.

دەبینین تا ئاستێکی زۆر بەرز ئەم فەرمودەی خوا رەنگی داوەتەوە له ژیانی رۆژانەیاندا : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرْكَعُواْ وَٱسْجُدُواْ وَٱعْبُدُواْ رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُواْ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۝٧٧

وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي
ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن
قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى
ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ
مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٧٨﴾ ﴾ الحج /٧٧–٧٨ .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە کڕنوش و سوژدە بەرن و پەروەردگارتان بپەرستن لە هەموو بارو دۆخێکدا و تا دەتوانن چاکە و چاکەکاری ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی سەرفراز و سەرکەوتوو بن ، هەروەها بەردەوام بن لە خەبات و جیهادو هەوڵ و کۆشش لە پێناو خوادا بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی .

پێشەوای نوێخواز ئیمام حسن البنا دەفەرموێ : خوای پەروەردگار بە کورتی کاری موسڵمانی راستی لەم دوو ئایەتەدا خستۆتە روو .. ئەمە وتەیەکی رونە و هیچ لێڵی و نادیارییەکەی تێدا نیە ، خوای گەورە فەرمانی کردووە بە موسڵمانان کە رکوع و سوجدە ببەن و نوێژەکان بەجێ بهێنن، بەگوێرەی توانا کاری چاکە بکەن .. ئەمەش ئەرکی هەموو تاکێکی موسڵمان کە پێویستە خۆی پێیهەڵسێ بە تەنها یا بە کۆمەڵ ، لە پاشا فەرمانی پێکردون کە خەبات بکەن لە رێی خوادا بە باشترین و راستترین شێوەی خەباتکردن، بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی و فێرکردنی خەڵکی.

خوای گەورە نهێنی ئەم ئەرکە و دانایی ئەم فەرزەی رونکردۆتەوە ، رونی کردۆتەوە بۆیان کە خوای گەورە هەڵیبژاردون ، تاکو رێبەری خەڵکی بن، وە باوەرپێکراویان بن لەسەر شەریعەتەکەی، وە میراتگری رسول الله بن لە بانگەوازەکەیدا، ئەمەش ئەو ئەرکە کۆمەڵیەیە کە خوا سپاردویەتی بە هەموو موسڵمانان .. کە یەك ریز بن ، یەك پارچە و یەك هێز ، وە ئەوان ئەو لەشکرە بن کە مرۆڤایەتی رزگار بکەن و رێنماییان بکەن بۆ سەر رێگای راست.

لە پاشا پەروەردگاری بڵند بۆ خەڵکی رونکردۆتەوە ، پەیوەستی نێوان ئەرکی تاکی لە نوێژ و رۆژوو.. وە ئەرکی کۆمەڵی ، وە یەکەیان هۆکارە بۆ دووەم وە بیروباوەری راست و دروست بنچینەی هەردوکیانە ، تاکو پاساو نەبێت بۆ کەسانێك کە حەزیان لە دانیشتن و نەکردنی فەرزە تاکیەکان بێ بە هۆی ئەوەی خەریکی کاری کۆمەڵین، وە تاکو پاساویش نەبی بۆ نەکردنی کاری کۆمەڵی لەلایەن کەسانێکەوە کە حەزیان لە نەکردنی کاری کۆمەڵیە بە بیانوی ئەوەی ئەوان خەریکی پەرستشن و رۆچوون لە پەیوەندییان بە پەروەردگاریانەوە .

— جیاوازی نێوان فێرکردن و پەروەردە کردن :

جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان فێرکردن و پەروەردە کردندا :

- ئامانجی فێرکردن گەیاندنی زانستەکەیە بە قوتابی و وەرگرتنی و تێگەیشتنی بەبێ چاوەروانی پەیرەوی کردن .
- بەڵام ئامانجی پەروەردەکردن گەیاندنی زانستەکەیە و تێگەیاندنی لەگەڵ راهێنانێکی بەردەوام لەسەر ماناو مەبەستەکانی تاکو کاریگەرییەکی هەمیشەیی دروست دەبێت لەسەری و گۆرانکاری لە رەفتاریا بەرهەم دێت و مانا و مەبەستەکانی بەجێ دەهێنێت.

لێرەوە تێدەگەین لە گرنگی پەروەردەی راستو دروست کە ئامانجێتی پێگەیاندنی تاکی موسڵمانی چاکو چاکەخواز، لەبەر ئەمەشە گرنگترین ئەرکی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت) : {پەروەردە و پاکژکردنەوەیە} .

﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢﴾ ﴾ الجمعة/٢.

واتە: هەر ئەو زاتەیە لە ناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان رەوانە کرد، ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە و دڵ و دەروونو رواڵەتو ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات، فێری قورئان و دانانیی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو.

(٢) باوەڕ :

بریتی یە لە فێربونو تێگەیشتن لە رێگەی ژیرییەوە ، ئینجا بە ڕاست زانین بەدڵ و دەربڕینی بە زمان و سەلماندنی بە کردەوە.

بەڵێ باوەڕ وشەیەکی گشتی یە، هەموو بەڕاستزانین و دڵنیابون و متمانە پێکردنێکی دڵی دەگرێتەوە بە هەرچ شتێك کە ژێری پێی قایلبێ ئەگەر بیرێکی پوچیش بێت.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّـٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَـٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلاً ﴿٥١﴾ ﴾النساء/٥١ .

واته : ئایا نەتڕوانیوەتە ئەوانەی کە بەشێك لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە فاڵچی و جادوگەر و بت و پەیکەر و شەیتان و ... هەیە و دەربارەی ئەوانەی کە بێباوەڕن و دەڵێن : ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە تا ئەوانەی باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێناوە .

﴿...أَفَبِٱلْبَـٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ﴾ النحل/٧٢ .

واتە: ... لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا ئایا ئەوانە هەر بڕوا بە شتی پوچ و ناحەقی دەکەن و لە بەرامبەر ناز و نیعمەتەکانی خواوە ئەوان هەر ناشوکر و بێباوەڕ دەبن.

بۆیە قوربانیدانێکی مەزن ڕوودەدا لەلایەن هەندێ لە هەڵگرانی بیروباوەڕە دنیاییەکان لە پێناو بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیان و بەرز کردنەوەی ئاڵاکەیان، ئەمەش بە ﭘـنەری هێزی باوەڕیان بە بیرو باوەڕەکەیان.

بەڵێ لێرەدا باسمان لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامیە بەتایبەت چەمکی باوەڕ بەخوا .

باوەڕ بەخوا :

واتە:ناسینی خوا لە ڕێگەی دروستکراوەکانی و ناوە جوانەکانی و ئەوەی کە خۆی پێناساندووە بە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، لە پاشان بەڕاستزانینی بەدڵ و متمانەو دڵنیابون بە توانای ڕەهای و ڕاوێستاوێتی و هەمیشە نەمری و هێزی لەبن نەهاتوی و ئەو زانیاریەی کە هەموو شێکی گرتۆتەوە و داناییە مەزنەکەی ...

دەبێ ئەوەشمان لا ڕون بێ کە باوەڕ بە شێکی تایبەت بۆ خوای بڵند و باڵایە دەیبەخشێ بەو کەسەی ئارەزوی دەکات و ئامادەیە بە وەرگرتنی :

﴿... وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِي قُلُوبِكُمۡ وَكَرَّهَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكُفۡرَ وَٱلۡفُسُوقَ وَٱلۡعِصۡيَانَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ ٧ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَنِعۡمَةٗۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٨﴾ الحجرات/٧-٨ .

واتە : ... بەلاّم خوا ئیمان و باوەڕی لەلا خۆشەویست کردوون و لە دڵ و دەروونتاندا رازاندویەتیەوە .. لەولاشەوە کوفر و بێ باوەڕی و گوناهو و یاخی بوون لە فەرمانی خوای لا تاڵ و ناشیرین کردوون، ئا ئەوانە هەر خۆیان رێگەی ژیریو سەرفرازیان گرتۆتە بەر ، ئەمەش خۆی رێز و بەخششێکی تایبەتی و نیعمەتێکە لەلایەن خواوە پێیان دراوە خوایش زانا و دانا و کاربەجێیە .

ئایەتی یەکەم : کۆتایی دێت بە (أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ) .. واتە: ئەوانەی کە ژیرییان بەکار هێنا ، بەکارهێنانێکی راست لە گەڕان بەدوای راستیدا .

وە ئایەتی دووەم: کۆتایی دێت بە (وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ) واتە خوای پاك و بڵند و زانا دەزانێت کێ شایەنی ئەم بەخششەیە ، وە دانایە لە بەخشینیا، کاتێ دەبینێ کەسێ ئامادەیە بۆ وەرگرتنی پێی دەبەخشێ

﴿... وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾ النور/٢١ .

واتە: ... بەلاّم خوا هەر کەسێکی بوێت و شایستە بێت پاکو پوختەی دەکاتو لە گوناهەکانی دەبورێت ، خوایش هەمیشە بیسەر و زانایە .

پێویسته ئەوەش بزانین که کەس ناتوانێ به هەوڵی خودی خۆی وەدەستی بێنێ : ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ﴾ یونس/١٠٠ .

سوننەتی خوا بۆ وەرگرتنی هیدایەت ئەوەیه که مرۆڤ ؛ ئارەزومەندی هیدایەت بێ و تواناکانی بخاته گەڕ و ئامادەبێ بۆ وەرگرتنی ئەوە ئەنجامەکەی به ویستی خوا دەبێته باوەڕ ، وه به پێچەوانەوە ، ئەو کەسانەی که ژیرییەکەیان دەوەستێنن و سود له تواناکانیان وەرناگرن ، (ئەنجامەکەی دەبێته گومڕایی) .

خوای گەورە لەم فەرمودە قدسیەدا دەفەرموێت : ((يا عِبادِ كُلُّكم ضالٌّ الا مَنْ هَدَيْتُهُ فاستَهْدُونِي أهْدِيكُمْ)) أخرجه مسلم، ج٤، ل١٩٩٤ ، ژمارە(٢٥٧٧) .

هەروەها دەتوانین سودێکی زۆر وەربگرین له کۆمەڵە ئایەتێکی قورئان بۆ تێگەیشتن لەم مانایە ، وەك ئایەتی (٥٣) سورەتی الانعام : ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾ . لەم ئایەتەوە تێدەگەین که دڵی نەوی بۆ خوا؛نەویکردنەکەی پێشوازی کردنه له دیارییەکەی خوا به مەمنونی و سوپاسەوە ، وه لەبار و ئامادەیه بۆ وەرگرتنی ، کاتێ راستی دەخرێته بەردەم ژیرییەکەی قایلدەبێ پێی، ئەمەش تەواو به پێچەوانەی ئەو دڵەی که سپڵه و پێ نەزان و خۆبەزلزانه :

﴿سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِىَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا

يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَـٰفِلِينَ﴾ الأعراف/١٤٦ .

واته: بەم زوانە ئەو کەسانەی کە بە ناحەق لەسەر زەویدا ملهوڕی و خۆبەزلزانی دەنوێنن، لە ڕێبازی بەڵگە و نیشانەکانی خۆم لایان دەدەم، ئەگەر هەموو نیشانەکانیش ببینن، ئەو ڕێگایە هەڵنابژێرن : بەڵام ئەگەر ڕێگای چەوت و هەڵە ببینن، دەیکەن بە ڕچە و ڕێباز ، ئەوانەش بێگومان هۆکارەکەی ئەوەیە، نیشانەکانی ئێمە بە درۆ دەزانن ، بەردەوام لێشیان بێئاگان .

(ب) **تەوەرەکانی پەروەردە** :

یەکەم : ژیری و پەروەردەی زانیاری . .

- ژیری : بریتی یە لە جێگای فێربون و وەرگرتنی زانستی، لە پێناو جوان تێگەیشتن لە ژیری ، تیشك دەخەینە سەر ئەم خاڵە کە ڕاستەوخۆ روو لە مرۆڤ دەکات؛ بەڵێ لەگەڵ پەرستشی هەموو بونەوەر بۆ خوای تاك و تەنها و ستایشی بەردەوامیان بۆی ؛ ویستی پەروەردگار وابوو دروستکراوێکی تازە لە گڵ بەدیبهێنێ و سەرپشکی بکات لە پەرستنی خوادا دوای ئەوەی کە ژیرییەکی بێ وێنەی پێ بەخشی لەگەڵ بەهرە و توانست وبلیمەتی و بنەماکانی ژیان، تا لە میانەیاندا بگات بە ناسینی خوای باڵادەست ، بە پلەیەك کە هیچ بەدیهێنراوێکی تر نەیگاتی - تەنانەت فریشتەکانیش - وە لە تەنیشت ئەم ژیرییەشەوە نەفسێکی پێدا کە حەزی لە ئارەزووەکان بێت و گوێ نەدا بە ئەنجامی فەرمانەکان .. خوای باڵادەست ڕێزێکی

تایبەتی بەخشی بەم دروستکراوە تازە کە مرۆڤە و فەرمانی کرد بە فریشتەکانی کە سوجدەی ڕێزی بۆ ببەن ، هەموو سوجدەیان بۆ برد تەنها شەیتان نەبێ کە بەهۆی خۆبەزلزانینەوە سوجدەی نەبردو بوبە دوژمنێکی سەرسەختی ئەم مرۆڤە و وەچەکەی، بۆیە خوای گەورە مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە لەم دوژمنە :

﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ فاطر/٦ .

واتە: بێگومان شەیتان دوژمنتانە ، ئێوەش بە دەژمنی خۆتانی بزانن، بێگومان بانگی پارتەکەی دەکات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجێی دۆزەخ .

خوای گەورە ژیری بەخشیوە بە مرۆڤ ، ژیرییەك كە ژمارەیەكی زۆر لە کەلێن- خانەی تێدایە کە هەڵدەستن بە وەرگرتن و ...بارکردنی زانیارییەکان، توێژینەوەیەکی زانستی سەلماندویەتی که ژمارەی خانەکانی مێشك دەگەنە نزیکەی (٢٠٠)بلیۆن خانە، ئەم خانانە لە توانایاندایە نزیکەی (١٠٠) بلیۆن زانست وەربگرن، وە ئەو پەڕی ئەوەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێ لەم لێهاتنە (١٠٪)ی تێناپەڕێ .

لە بنەڕەتدا خوای گەورە ئەم ژیرییەی بەدیهێناوە بۆ ئەرکێکی مەزن کە پێویستە لێوەی بڕوانێتە جیهانی جۆراوجۆری دەوروبەری ، وە بە تایبەت خودی خۆی کە پێکهاتووە لە وێنەیەکی بچوککراوەی پەڕاوی بونەوەر تا لێوەیان پەروەردگاری خۆی بناسێ : ﴿وَفِى ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٌ لِّلْمُوقِنِينَ ۝٢٠ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ۝٢١﴾ اللذاريات/٢٠-٢١

واتە: بێگومان لەسەر گۆی زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە لەسەر دەسەڵات و زانیاری خوا بۆ کەسانێك کە بە شوێن دڵنیاییدا دەگەڕێن هەروەها لە خودی خۆشتاندا، ئایا ئەوە بۆ بیناییتان ناخەنە کار.

- **بۆچ بە پەروەردەی زانست دەستمان پێکرد :**

بەڵێ بە زانست دەستمان پێکرد چونکە زانست سەرەتایە : ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾محمد/١٩. زانست بنچینەی کارکردنە ، وە ئەگەر ژێری جێگای زانست و فێربونە، بە دڵنیاییەوە ئەو زانستە راستەقینەی کە پێویستە بەندە خەریکی بێت بە فێربونیەوە بریتی یە لە زانستی ناسینی خوای بەرز و بڵند کە لە میانەیەوە بەندایەتیکردنی راستەقینە بۆ خوای پاك و بێگەرد جێبەجێ دەکرێت، کاتێك بەندە پەروەردگاری خۆی ناسی : خۆشی دەوێ ، ..ڕزی دەگرێ ، شەرمی لێدەکا، گوێڕایەڵی دەبێ، ..ڕتی پێ دەبەستێ ... لە ئەسەر دا هاتوە کە موسی پێغەمبەر (علیه السلام) پرسیاری لە پەروەردگاری کرد ووتی: "ئەی پەروەردگارم، کام بەندەت بە شەرمترینە لێت؟ لە وەڵامدا فەرموی زاناترینیان بە من" أخرجه الدارمي(٣٦٦) .

وە پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموێت:﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ فاطر /٢٨ .

واتە: بەڕاستی زاناکان پەی بەو نهێنیانە دەبەن و لە ناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لە خوا دەترسن، بەڕاستی ئەو خوایە زۆر باڵادەستە و زۆریش لێخۆشبووە .

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت :

(أ) بەسودترین زانست ئەوەیە کە یەکتاپەرستی بهێنێتە دی لە گوفتار و کرداردا ، وە ببێتە هۆی چاککردنی مامەڵە کردن لەگەڵ خوای بەرز و بڵندا و لێترسان و ملکەچی و خۆشویستنیو گەڕانەوە بۆلای و جێگیربوون لەسەر رێ راستەکەی، ئەمەش باشترین کارئاسانی بۆ فێربوون دێنێتە کایە :

﴿... وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ ...﴾ البقرة/٢٨٢ .

واتە : پارێزکار بن خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات .

پێغەمبەر (ﷺ) نزای دەکرد و دەیفەرموو : {أعوذ بالله من علم لا ينفع ، ومن قلب لا يخشع } وە لە فەرمودەیەکی تردا : { سلوا الله علما نافعا ، وتعوذوا بالله من علم لا ينفع} صحيح جامع الصغير(٣٦٣٥).

(ب) گرنگی بیرکردنەوە ، ئای کە چەندە پەرستشێکی مەزنە و پێویستە لەسەر رمان بەردەوام بین لەسەری تاکو لە میانەیەوە پەندە رەکانی ژیریمان بکرێتەوە ، گۆڕەپانی سەیرکردنمان فراوان ببێ ، وە بە شوێنیا پلەی ناسینی خوا بەرز ببێتەوە .

- لە ئامانجەکانی پەروەردەی زانستی :

١. گەشەکردنی ژیریو فراوانبونی پێزانینەکانی و کردنەوەی کەلەبەرەکانی.
٢. وەدەستهێنانی خۆرەسی لەبیرکردنەوە لە هەموو شتێ کە روودەدا لە دەوروبەر و پەند لێوەرگرتنی .
٣. لە میانەیدا ناسینی خوای بەرزو مەزن و گەڕانەوە بۆلای .
٤. چاککردنی مامەڵە لەگەڵ خوادا.
٥. پێکهێنانی ئەو ژیرێتیەی کە :

(أ) پێزانینێکی راستی هەبێ بۆ تێڕامانی راست و هەڵە .

(ب) تێبگات لە ئیسلام تێگەیشتنێکی دروست و وایلێبکات کە چەکی بیرکردنەوەی بێ .

(ج) سەربەخۆ بێ لە جێبەجێکردندا .

(د) تێ بگا لە کۆمەڵگا و بتوانێ کێشەکانی دیاری بکا و چارەسەری بۆ دانێ .

- **رێگای وەرگرتنی زانیاری و جێگیر بوونی :**

بەڵێ هەر زانستێك مرۆڤ وەری دەگرێ لە میانەی بینینی یان بیستنی یا هەستەکانی تری ، ژێرییەکەی پێشوازی لێدەکات بەو بەشە پێزانە هۆشیارە کە زانایان ناوی دەبەن بە (الشعور) ئەم زانیاریانە ناتوانن پاڵنەرێکی بەردەوام بن بۆ کارپێکردن تاکو نەبن بە زانیارییەکی جێگیر لای مرۆڤەکە ، ئەمەش بەوە دەبێ کە ئەو زانیاریانە بگوێزرێنەوە بۆ بەشێکی تری ژێری کە زانایان ناوی دەبەن بە (اللاشعور) واتە ناوچەی زانستی جێگیر ، یا دڵنیایی یا بیروباوەڕ، یا ژێری ناوەکی یا شاراوە ، ئەمەش بە دەربڕینی قورئان : ﴿وَإِن تَجۡهَرۡ بِٱلۡقَوۡلِ فَإِنَّهُۥ يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخۡفَى﴾طه/٧ . ئیتر زانیارییەکە ڕاست بێت یا چەوت ، پێویستە بۆ جێگیر بوونی ڕۆشتنی بە ژێری پێزاندا چەندجارە ببێتەوە و بیبات بۆ بەشی(اللاشعور) تا جێگیر دەبێ تیایدا .

بەڵێ بەشی (اللاشعور) یا شاراوە (الخفي) لە ژێریدا ناوچەی زانستی جێگیری دڵنیاییە لای مرۆڤ، وە لە میانەیدا کردارەکان ڕادەبن بە شێوەیەکی خۆڕسکی ، قورئان نمونەی کەسانێکی هێناوە وایاندەزانی چاکەخوازن و چاکە دەکەن بەڵام ڕەفتار و مامەڵەیان

پێچەوانەی وتەکەیان بوو .. ئەزانن بۆ ؟ چونکە ئەوان بیری خراپ و گەندەڵ جێگیر بووبوو لە (لاشعور) یانداو بە راستیشیان دەزانی و لە میانەیەوە گەندەڵیان دەکرد بە رێگایەکی خۆڕەسی لە (لاشعور)ەوە :

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾﴾البقرة/ ١١-١٢ .

واتە: ئەوان کاتێ پێیان دەوترێت گەندەڵی مەکەن لە زەویدا، دەڵێن بەڕاستی ئێمە تەنها چاکسازی دەکەین، ئاگادار بن، کە بە ڕاستی هەر ئەوانە گەندەڵکارن بەڵام هەستی پێناکەن.

بەڵێ وەرگرتنی زانیاری و چەند بارەبوونەوەی تا جێگیر دەبێ لە ژێری ناوەوەدا دەبێتە هۆی رابونی کردار بە خۆسەری ، بۆ نمونە :

- ئەو کەسەی کە فێری شۆفێری دەبێت ، بە رێگای هەستیاری(شعور)فێر دەبێ، لە پاشا بە بەردەوام بون و راهاتن و بەجێهێنان ؛ زانستەکان جێگیر دەبن لە ژێری ناوەکیدا کە وایلێدەکات بەبێ بیرکردنەوە سەیارەکەی لێخوڕێ .
- ئەو کەسەی کە دەیەوێ فێری نوسین ببێ لەسەر کۆمپیوتەر ، لە سەرەتاوە بەبێ سەیر کردنی جێگەی پیتەکان ناتوانێ بنوسێ ، وردە وردە فێر دەبێت تا وای لێدێت دەنوسێ بەبێ ئەوەی سەیری جێگەی پیتەکان بکات ..

لێرەدا گرنگی بەجێهێنان و راهاتنی کرداریمان بۆ دەردەکەوێ ، وە راستی مانای ئەم وتەیەمان بۆ دەردەکەوێ لە پشتگیری پێغەمبەر (ﷺ) بۆ گرنگی بەردەوام بوون با کەمیش بێ ، بەم فەرموودەیە : { عن

عائشة ، قالت: قال رسول الله (ﷺ): " أحب الأعمال إلى الله تعالى أدومها ، وإن قل } متفق عليه : أخرجه البخاري (ج٥/٢٣٧٣ رقم ٦١٠٠) و مسلم(ج١/٥٤١ رقم ٧٨٣) .

بۆ نمونە:

ئەگەر دوایت لەگەڵ کەسێکدا لە بارەی ڕۆزییەوە کە بەدەست خوای باڵادەستە و ئەو بۆی مسۆگەر کردوین، دوای ئەو ڕونبونەوەیە قایلبونی لێدەبینی، بەڵام لەکاتی جێبەجێکردندا لە جەنگی ژیاندا فەرمانەکە دەگۆڕێ و بە جۆرێکی ترە ؛ هەڵپە و هۆگری لەسەر ماڵ و زۆر بیرکردنەوە لە داهاتوو، ترسی هەژاری .. لێدەبینی، بۆیە چارە گۆڕانی ڕەفتارەکەیە، ئەمەش بە گۆڕانی ئەوەی کە جێگیر بووە لە بیروباوەڕی هەڵەو گۆڕینی بە بیروباوەڕی ڕاست و وەرگیراو لە سەرچاوەی ڕاستەوە کە ڕاستترینیان سەرچاوەی وەحی و ژیاننامەی پێغەمبەرە (ﷺ) وە ئەم گۆڕانەش سێ هەنگاوی دەوێ :

(١) قایلبون :

بەڵێ؛ قایلبوون بە بیرێك هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگەی گۆڕاندا، بە شێوەیەك ژیری پێزان دوای وەرگرتنی بیرەکە ڕێگا دەدا بە ڕێکردنی بۆ ژیری ناوەکی تاکو ڕەفتاری لێدەربڕاوی لێدەرچێ بە شێوەیەکی خۆرەسی(تلقائي)، لێرەوە دەردەکەوێ ڕێزلێنانی قورئان بۆ ژیریو بەردەوام دواندنی و قایلکردنی بە گرنگی بیرە پێشنیارکراوەکە ، خوێنەری قورئان بە لێکۆڵینەوەوە دەبینێ خوای گەورە و بڵند ژیریمان دەدوێنێ و زۆرێك لەو شتانەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە دەیەوێ قایلمان کات بەوەی کە دەیەوێ لێمان ، بەڵکو لە قورئانەکەیدا بانگمان دەکات بۆ بەکارهێنانی ژیریمان و بیرکردنەوە لە فەرموودەکانی، وەکو : ﴿قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا

تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُواْ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱئْتُونِي بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾الأحقاف/٤ .

له هۆكارەكانی قورئان بۆ قايلكردن :

أ . نمونه هێنانەوە : ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴾ الزمر/٢٧.

واتە: بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نمونەیەكمان بۆ خەڵكی هێناوەتەوە ، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن‌و بیرێك بكەنەوە له ڕاستیەكان‌و تێ‌بگەن .

لەو نمونانەش : ئەو نمونە قورئانیەی كە مەترسی مەرایی، دڵسۆز نەبون بۆ خوا دەخاتە ڕوو لەگەڵ چۆنیەتی باری خاوەنەكەی كاتێ دەبینێ بەرهەمی خەبات و ماندو بونەكەی له ناو چووە لە كاتێكدا زۆر پێویستی پێیەتی : ﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْأَيَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴾ البقرة/٢٦٦ .

واتە: ئایا هیچ کەس لە ئێوە حەز دەکات باخێکی هەبێت لە دارخورما و جۆرەها رەزەترێ جۆگە و روبار بە ژێر درەختەکانیدا بڕوات و هەموو جۆرە بەروبومێکی تێدا بێت بۆ خاوەنەکەیو خۆی دووچاری پیری بوویێتو چەند نەوە و منداڵێکی لاوازی هەبێت، کەچی لەناکاو گەردەلولێکی گڕاوی بەهێز هەڵکاتە سەری و یەکسەر بسوتێت؟! ئابەو شێوەیە خوا ئایەتو بەڵگە و نیشانەکانی دەخاتە بەرچاوتان بۆ ئەوەی تێفکرن و بیربکەنەوە.

ب . گرتنە بەری رێگای دەرەنجامو لێتێگەیشتن بە ئاراستەکردنی پرسیار و وەڵامدانەوەی لەلایەن ژێرییەوە بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست وەکو :

﴿أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ﴾ص/٢٨ .

واتە: ئایا رەوایە پاداشتی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەچاکەکانیان ئەنجام داوە ، وەك ئەوانە لێ بکەین کە تۆوی خراپەیان چاندووە لە زەویدا، یاخود ئایا ئەوانەی پارێزکار و لەخواترسن وەك خراپەکاران سەیریان بکەین؟!

(٢) چەندبارەکردنەوەی بابەتەکان بۆ جێگیربوونی بابەتەکە :

کاتێك قایلبون بە بیرۆکەیەك روودەدا لە ساتێك لە ساتەکاندا ، دەبینی قایلبووەکە بە کردارێك لە کردارەکان قایلبونەکەی دەردەبڕێ ، وەك ئەو کەسەی قایلدەبێ بە گرنگی یارمەتدانی هەژاران بە رێگای خوێندنەوە

یا بیستنەوە، لە پاشا کە دەگات بە هەژاریٚ یارمەتییەکی دەدا با کەمیش بیٚ، لەوانەیە ئەم کردارە دووبارە نەکاتەوە مەگەر بەردەوام ناو بەناو گرنگی بەخشینی یاد بخریٚتەوە : ﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴾ الفرقان/٥٠ .

صَرَّفْنَاه: واتە: دووبارەمان کردۆتەوە بە شیٚوازی جۆرو جۆر .

وە لە سودەکانی دووبارە کردنەوە ؛ خویٚنەر یا بیسەر والیٚدەکات لە باریٚکی هەمیشەییدا بیٚت لە یادەوەری و بیٚداری، لیٚرەدا بڕوای دووبارەکردنەوە دەردەکەویٚ وەکو هۆکاریٚك لە هۆکارەکانی بنیاتنانی قایلبونی دروست کە قورئان بەکاری دەهیٚنیٚ زیاتر لەلایەنەکانی ریٚنمونی(هدایة)دا .

- واتای ریٚنمونی: شارەزابوونی ریٚگای راست بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بیگاتیٚ ؛ کە پەرستشی خوای تاك و تەنهایە و رازیکردنیەتی و چونە بەهەشت .
- لەو لایەنانەش:

(١) ناسینی خوای بڵند و بالأدەست، پانتاییەکی مەزنی گرتۆتەوە لە قورئاندا، بەشیٚوەیەك ئایەتیٚك نابینی کە پیٚناسەی خوای پاك و بیٚگەرد و مافەکانی لەسەرمان لە پەرستشی دڵیو لایەنەکانی شەرعی تیٚدا نەبیٚ ، ناسینی خوای گەورە بە سیفاتو ناوەکانی و کردارەکانی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ببنە بەندەیەکی راستی خوای گەورە ، ئەوسا دەبنە خاوەن ئازادییەکی راستی .

(٢) پێغەمبەر و پەیام : ناساندنی پێغەمبەران (علیهم السلام) و پەیامەکانیان بە تایبەت محمدی پێغەمبەر (ﷺ)و ئەو پەیامەی هەڵی گرتووە بۆ ئادەمیزاد :

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ .... ﴾ الكهف/١١٠ .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ)پێیان بڵێ : بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت .

(٣) پێناسەی مرۆڤ :

خوای بەدیهێنەر و مەزن مرۆڤی بەدیهێناوە و پێکیهێناوە لە ژیری:﴿...إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأَيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾الرعد/٤ . و دڵ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾الأنفال/٢.

و دەروون :﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾الشمس/٧ . و ئەندامانی لەشی .

(٤) ناساندنی شەیتان :

دوای ئەوەی ئیبلیس سوجدەی نەبرد بۆ ئادەم و سەرپێچی فەرمانی خوای کرد ، خوا لە بەزەیی خۆی دەریکردو ئەویش داوای مۆڵەتی مانەوەی کرد بۆ دژایەتیکردنی مرۆڤ و تۆڵەسەندنەوە : ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾فاطر/٦.

واتە: بەڕاستی شەیتان دوژمنتانە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن، بێگومان بانگی پارتەکەی دەکات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجێی دۆزەخ .

(٥) چیرۆکی بوونی مرۆڤ و رۆژی لێپرسینەوە :

خوای گەورە مرۆڤی بەدیهێناوە بۆ بەندایەتیکردن لەسەر زەویدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆی رام کردووەو ژیانی سەرزەوی بۆ کردوە بە تاقیکردنەوە و دوای مردن و زیندوبونەوەی لێی دەپرسێتەوە :

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات/٥٦ .

﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ الملك/٢ .

﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ﴾ الأنبياء/٤٧ .

واتە: سروشتی ژیانی ئەم جیهانە کە هۆی تاقیکردنەوەیە کۆتایی دێت بە رۆژێکی گەورە بۆ پرسینەوە ، کردەوەکانی تێدا دەخرێتە رو، ئەنجامەکان رادەگەیەنرێن، تاکو سەرکەوتوەکان بگەن بەو بەهەشتەی کە خوا بۆی ئامادەکردون و بەهرەمەند ببن بە جۆرەها ناز و نیعمەت، وە کەوتوەکان بچن بۆ ئاگر تا جۆرەها سزای تێدا بچێژن .. خوا پەنامان بدات .

(٦) ناساندنی ئەو یاساوسوننەتانەی کە خوا ژیانی پێ دەبا بەڕێوە تاکو لەیادمان بن و سودیان لێ وەرگرین : ﴿...فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ فاطر/٤٣.

(٧) شارەزاکردن لەسەر جیهانی دەوروبەر:

ئێمەی مرۆڤ لەم بونەدا تەنها نین بەڵکو بەدیهێنراوێکی زۆر لە دیار و نادیار بە دەوروبەرماندان، قورئان ئەو بەدیهێنراوانانەمان پێدەناسێنێ لەگەڵ سروشتی پەیوەندیمان پێیانەوە و چۆنیەتی مامەڵکردن لە گەڵیاندا :

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ البقرة/٢٩ .

وە ئەوانیش هەموو لەگەڵمان ستایشی پەروەردگار دەکەن :

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾ الجمعة/١ .

(٨) مافی بەندەکان بەسەر یەکەوە:

بۆ ئەوەی ژیانمان بە خۆشی ببەینە سەر و هاوکارێکی باش بین بۆ یەکتری تا بتوانین سەرکەوتو بین لە ئەنجامدانی ئەرکی بونمان ، خوای گەورە کۆمەڵێ مافی داناوەبەسەرمانەوە بۆ یەکتری کە بە کورتی کۆدەبنەوە لە دادپەروەری و چاکەکردن و ستەم نەکردن لە یەکتری :

﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾ المائدة/٢ .

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴾ النحل/٩٠ .

واته : بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری‌و چاکەکاری و یارمەتیدان‌و بەخشندەیی بە خزمان‌و قەدەغە لە گوناهو تاوان‌و دەستدرێژی دەکات‌و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن و تێفکرن و هەمیشە چاکە بکەن .

(٩) شارەزاکردنی شێوازی بانگکردن بۆلای خوا :

بۆ رزگارکردنی نەفامان و شوێنکەوتووانی ئارەزوو لە تاڵی و دەردەسەری ژیان و چون بۆ دۆزەخ، خوای گەورە کردویە بە ئەرك بەسەر شارەزاکانەوە کە بانگیان بکەن بۆ سەر رێ راستەکەی خوا، لە قورئاندا رێنمویی کردوین بۆ چۆنیەتی ئەو بانگکردنە : ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾النحل/١٢٥ .

(١٠) شارەزا کردن لە چیرۆکی پێشینانمان:

تاکو پابەند و ئامۆژگاریان لێوەرگرین :

﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾يوسف/١١١.

واتە :بەڕاستی لە سەرگوزشتە و بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند .

(٣) وێنەکردنی نەخشەی ئیسلام :

لە هۆکارەکانی جێگیرکردنی زانیارییە راستەکان لە ژیری ناوەکیدا، وێناکردنی نەخشەی ئیسلامە لە هۆش و بیردا ، قورئان بە رونی و راستی ئەم نەخشە وێنا دەکات لە بیری ئەو کەسەی پەنای بۆ دەبات و بە جوانی لێی ورد دەبێتەوە ، تێڕامانێکی گشتی پێدەدات لەسەر هەموو ئەوەی داوای لێکراوە و پەیوەندی یەکانی بە هەموو شتەکانی دەوروبەریەوە، وە هەموو فەرمانەکانی بۆ داناوە بە قەبارەی گونجاویانەوە لە رەگەزنامەی ئیسلامدا، سەرنجی ئایەتەکانی (١٠-٢٢)ی سورەتی التوبە بدە، دەبینی کاروباری خەبات لە رێی خوادا مەیدانێکی شایانی وەرگرتووە لە قورئاندا و لە ریزبەندیشدا پێش پەرستشەکانی تر دەکەوێ لەکاتی بەریەك کەوتندا.

بەڵێ ئەوی ژیریەکەی بە قورئان بسپێرێ ؛ دەبینێ کەسێتیەکی هاوسەنگی بۆ پێکدێنێت ، توانستی ناسینی گرنگ و گرنگترین بۆ هەموو، بۆ هەموو کاروبارێ کە قورئان دەیخاتە پێش چاوی ، چونکە قورئان لە بیری شوێنکەوتوانیدا نەخشەیەکی گشتی و رون وێنا دەکات، گرنگی دەدات بە هەموو بەشێکی ، شیاو بە قەبارەی خۆی .. بە هەموو ئەمانەش راستکردنەوەی زانیاری و. تێگەیشتن پێکدێنێ، وە وەرگیراوە جێگیربووەکان دەگۆڕێ تاکو مانا جوانەکانی قورئان جێیان بگرێتەوە .

دووەم : دڵ :

دڵ ئەو میهرە پەروەردگارییە گیانییەیە کە پەیوەندی هەیە بەو پارچە گۆشتە سنەوبەرییەوە کە دەکەوێتە لای چەپی سنگ ، ئەو ئامێری پێزانین و تێگەیشتنە لە مرۆڤدا ، کە دەدوێنرێ و داوایلێدەکرێ و سزا دەچێژێ و گلەیی ئاراستە دەکرێ، دڵ بنکەی ویستو بڕیاردانە لە ناوەوەی مرۆڤدا، پادشایە بەسەر هەموو لاشەوە و هەموو کردار و رەفتارێکی ئیرادی لاشە فەرمانی جێبەجێکردنی لە دڵەوە وەردەگرێت ، پێغەمبەری نازدار (ﷺ) دەفەرموێ : {ألا إنَّ في الجَسَدِ مُضْغَةً إذا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ و إذا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ ألا وَ هِيَ القَلْبُ} متفق عليه.

ئەم دڵە دەکەوێتە نێوان دووهێزی راکێشەرەوە:

١. هێزی ئارەزوو : ئەوەی دەروون حەزی پێدەکات .
٢. هێزی باوەڕ: دڵنیابوون بەو بیرو قایلبونانەی کە لە ژێریدایە، لە کاتی بڕیارداندا بەهێزترینیان دەست دەگرێ بەسەر ویستداو ئاراستەی بڕیاردان دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی .

بۆ نمونە :

- کاتێ موسڵمانێك بانگی بەیانی دەبیسێ و دەزانێ کاتی لەخەو هەستانە بۆ ئەنجامدانی نوێژ ؛ لەم کاتەدا کێشمە کێشێك لە دڵیا رودەدات لە نێوان باوەڕ و ئارەزوویدا ، گەر هێزی باوەڕ سەرکەوت ئەوا هەڵدەستێ و نوێژەکەی ئەنجام دەدات بەڵام ئەگەر هێزی ئارەزوو سەرکەوت ئەوا هەڵناسێ و خەو ئەیباتەوە .
- گەر موسڵمانێك چاوی کەوت بە روخساری ئافرەتێکی نامەحرەم و چاوی دانەخست ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لەو کاتەدا ئارەزووی بەهێزترە لە باوەڕی بەخواو ملکەچ نابێ بۆ فەرمانەکەی بەچاو داخستن .

بەراستی باوەڕ ؛ پاڵنەرەبۆ رەفتاری ئیجابی و باش : ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴾ الحج/٣٢.

واتە: ئەوەی رێز دادەنێت بۆ دروشمو بەرنامەکانی خوا، ئەوە نیشانەی پارێزکاری‌و لەخوا ترسانی دڵەکانە.

چەندە باوەڕ بەهێز ببێت ئەوەندە رەفتار چاك دەبێت بەخۆڕەسی، وە مەودای نێوان گوفتار و کردار نزیك دەبێتەوە، باوەڕ ئەو درەختە بەردارەیە کە بەری باش دەگرێت، باوەڕ خاوەنەکەی دەبزوێنێ بۆ بەخشینی ئەو پەڕی ئەوەی دەتوانێ ببەخشێ لە پێناو رەزامەندی پەروەردگاریدا ، ئیتر ناسرەوێ، ماندو نابێ، بێزار نابێ لە گەیاندنی بانگەوازەکەی خوا، هەمیشە دەبینرێ پەلە دەکات لە کاری خێردا بە هەموو لایەکدا، باوەڕی زیندو بەربەستی ناوەکی بەهێز دەکات تاکو وەکو پاسەوانێکی بێدار چاودێری خاوەنەکەی بکات‌و پاڵینێ بۆ چاکەکردن‌و دووری دەخاتەوە لە سەرپێچی و ئارەزووەکان، رێی پێنادا بەشداری بکات لە غەیبەت و دوو زمانی ... چەندە باوەڕ بەهێز بێت ئەوەندە چارەسەری کێشەکان دەبێت‌و کەم دەبنەوە لە نێوان باوەڕداراندا.

بەڵێ ئارەزوش پاڵنەرە بۆ رەفتاری سلبی و خراپ : ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ﴾ القصص/٥٠ .

واتە: ئەگەر بەدەم بانگەوازی تۆوە نەهاتن ، ئەوە چاك بزانە کە ئەوانە شوێنی ئارەزووی خۆیان دەکەون.

واتای ئەمەش ئەوەیە گەر؛ ئەو زانیاری‌وقایلبونانەی کە لە ژێریدا هەیە ئەوەندە دڵنیابون‌و باوەڕپێکردنی دڵی بۆ دروست نەکرد تاکو بتوانێ

بەرەنگاری ئەو ئارەزووەی ببێتەوە کە دژایەتی ئەو قایلبونانە دەکات، وە سەرکەوێ بەسەریدا، ئەو کاتە ئەم قایلبونانە تەرجومە نابن بۆ رەفتارێکی کرداری وە لە پاشدا وتەی کەسەکە و قایلبونەکانی دەکەونە لایەك و رەفتاریشی لەلایەکی تر .

قورئان هەواڵمان دەداتێ کە کەسانێك هەن دان بە پەروەردگارێتی خوادا دەنێن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شەرمی لێناکەن ملکەچی فەرمانەکانی نابن ئەمەش لەوە دڵنیامان دەکات کە دانپیانانەکەیان دانپیانانێکی ژێری روتە و باوەڕی پێکنەهێناوە لە دڵدا (بۆ زیاتر تێگەیشتن سەرنجی ئایەتەکاتی (٨٤-٨٧ سورەتی المؤمنون و ئایەتی (٣٧)ی سورەتی یونس بدە .)

هەروەها قورئان باسی کەسانێکی ترمان بۆ دەکات کە بە رونی داندەنێن بەوەدا کە ئیسلام رێنموییە ، بەڵام ناتوانن پەیڕەوی بکەن لە ترسی ژیان و بەرژەوەندییا: ﴿وَقَالُوٓاْ إِن نَّتَّبِعِ ٱلۡهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفۡ مِنۡ أَرۡضِنَآۚ﴾ القصص/٥٧ .

واتە : دەیانوت ئەگەر ئێمە شوێن هیدایەت و بەرنامەی ئیسلام بکەوین لەگەڵ تۆدا لە وڵاتی خۆماندا دەفڕێنرێین و تووشی نەهامەتی دەبین ..

ئا لێرەوە گرنگی پەروەردەی ئیمانی دەردەکەوێت ؛ ئەگەر ئامانجمان لە پەروەردەی مەعریفی گەشەکردنی ژیری بێت بە زانستی بەسودی قایم و چەسپاو کە ئەویش زانین و ناسینی خوای بەرز و بڵندە،بە دڵنیاییەوە ئامانجی پەروەردەی دڵ بەهێزکردنی باوەڕە بە زانستە و جێگیر کردنی تیایدا تاکو دەستی بەسەرا دەگرێ و سەرەوکاری دەکات وە ئارەزوی دادەمرکێنێتەوە و بەمەش بۆ ئەو کەسە بەندایەتیکردن ئاسان دەبێت بە شێوە جۆراو جۆرەکانیەوە .. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕانی رەفتار بە

گۆڕانێکی راستی باش ، دەبێت بە چاکردن و سازکردنی دڵ بە باوەڕ دەسپێدەکات، وە کاتێ گۆڕانێکی خراپ لە رەفتاردا دەبینین؛ بە دڵنیاییەوە ئەوە پێچەوانە بووەتەوە و ئارەزوو بەهێز بووە لە دڵدا و باوەڕ لاواز بووە، ئەم باسەش لەسەر باوەڕ و پەیوەندی بە رەفتارەوە بۆمان راڤە دەکات؛ دیاردەی دوور کەوتنەوەی کردار لە گوفتار، کردار لە زانست، هەر کە باوەڕ لاواز بوو ئارەزوو بەهێز دەبێ، چونکە دڵ یەك مەودای هەیە ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی ترسناك پێکدێنێ ؛ زیاد دەکا و کەم دەبێتەوە بەگوێرەی پلەی لاوازی باوەڕەکە .

لە کاریگەرییەکانی لاوازی باوەڕ :

- دوورکەوتنەوەی کردار لە گوفتار: دەبینی کەسێك زۆر باس دەکات لە بەها باڵاکان‌و وتەی بەنرخ‌و رەوشتی بەرز، بەڵام پێچەوانەی وتەکانی رەفتار دەکات، هەندێ جار دەبینی توشی بێئارامی و پەژارەبووە لە حاڵ و باری خۆی بەڵام ناتوانێ خۆی بگۆڕێ چونکە ئارەزووی زاڵ بووە بەسەر ویستیا و دەستی بەسەرا گرتووە .
- داوای رێدان دەکات لەوەی کە نابێ رێدانی تێدا بێ، ئاسانکاری و تەمەڵی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەرعدا، گەڕان بەدوای رێپێدان و بیانوودا، بەکارهێنانی رای لاواز بۆ دۆزینەوەی بیانووی رێپێدراو بۆ خۆدزینەوە لە پەیرەو کردنی راست لە دینداریدا، گرنگیدانی توند بە دنیا و هۆگربوون لەسەر کۆکردنەوەی ، خەریککردنی بیروهۆش بە دنیاوە و خەو بینینی بە ئاگا بە دەوڵەمەندی و باش رابواردنەوە ، دەیبینی زۆر بە دوای نرخی پارەکان و زەوی و، خانوو، ئوتومبیل و

هەروەها دەبینی لە بازنەی حەرامەکان نزیك دەبێتەوە و وەك ئاسانکاری لە درۆکردندا، پەیمان دەشکێنێ، ئێرەیی دەبا، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لا لاواز دەبێت، برایەتیکردنی ئیمانی لا لاواز دەبێ،

چونکە برایەتیکردن هاوملی ئیمانە بە زۆربونی زۆر دەبێتو بە کەمبونی کەم

☒ لە ئامانجەکانی پەروەردەی دڵ :

(أ) ئامانجی نزیك : بێدار بوونی دڵ .

مەبەست بێدارییەکی راستەقینەی هەمیشەییە کە لە دڵدا جێگیر ببێ و بە هەموو بوونیا رێبکاتو ژیانێکی نوێ دەست پێبکات .

(ب) ئامانجی دوور ، بریتین لە :

١. دامەزراوی و دەسەڵاتگرتنی باوەڕ بەسەر دڵدا ؛ تاکو ویستی ئازاد ببێ لە بەندێتی ئارەزوو دڵێکی زیندو لەدایك ببێو بچێ بەپیر روداوەکانەوە، بەجوانی مامەڵە بکات لەگەڵ نوێگەرییەکانی ژیاندا بە پاڵنەری باوەڕ :﴿... وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾ التغابن/١١.

واتە: ... ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت، خوا دڵی رێنموویی دەکات بۆ لای خۆی، خوای گەورە بە هەموو شتێك زانایە.

- لە نیشانەکانی پێکهاتنی :

نەرمی دڵ ، خێرا کاریگەر بوون بە ئامۆژگاری، چاکبونی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا، نزیکبونەوەی لەخوا و وابەستەبوونی دڵی بەوەوە، پەلە کردن بەرەو بەهەشت، هەست بە ئارامی و دڵنیایی و هێمنی ناوەکی دەکات.

ئەوکاتە هەرچی توش دەبێ راڤەیەکی مامەڵەیی ئیمانی لەگەڵ دەکات، وەك رسول الله (ﷺ) دەفەرموێت : { عجبا لأمر المؤمن ، إن

أمره كله خير ، وليس ذاك لأحد إلا للمؤمن ، إن أصابته سراء شكر ، فكان خيرا له ، وإن أصابته ضراء ، صبر فكان خيرا له } رواه مسلم .

٢. روناكبونەوەی دڵ : تاكو دڵی پاك و خاوێن و سپی بێ، بەرچاوی روناك بێ و پلەی هەستیاری بەرز بێت روو بە هەموو ئەوەی خوا رازیدەكەن و پێشبڕكێ بكات بۆ كردنیان، وە پەلە بكات بۆ واز هێنان لە هەموو ئەوەی خوا پێی ناخۆشە .

٣. هەستەكانی رامكا بۆ خوا ، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ :{ من أحب لله، وأبغض لله ، وأعطى لله ، ومنع لله فقد استكمل الإيمان } أبو داود ریوایەتی كردووە و البانی راستی كردۆتەوە لە (صحيح الجامع/٥٩٦٥) .

٤. گەیشتن بە قۆناغی إحسان :

لە فەرمودە بەناوبانگەكەی (جبريل)دا هاتووە:{الإحسان أن تعبد الله كأنك تراه ، فإن لم تكن تراه فإنه يراك} مسلم ریوایەتی كردووە.

لە نیشانەكانی :

ملكەچی هەست و رەفتارەكانی بۆ خوا : { لا يبلغ العبد حقيقة الايمان حتى يعلم أن ما أصابه لم يكن يخطئه ، وما أخطئه لم يكن ليصيبه} طبرانی دەریهێناوە لە (مجمع الزوائد ١/٥٨)وە أحمد (٦/٤٤١ ، ژمارە/٢٧٥٣٠) .

دڵ كە ئەم قۆناغەی بڕی ؛ پڕ دەبێ لە ئارامی و ئاسودەیی و دەكەوێتە پەیوەندی یەكی بتەو لەگەڵ پەروەردگاریدا .. سوپاسگوزاری نیعمەتەكانی دەبێ، ئارامگر دەبێ لەسەر بەڵاكان، رازی دەبێ بە قەزاكانی، ئارام دەبێ بە یادكردنی، لە شەوقێكی هەمیشەیی و ئاراستەبونێكی بەردەوام دا دەبێ بەرەو خوا.

- **هەنگاوەكانی پەروەردە كردنی دڵ :**

(أ) ئەركی خاوەن دڵەكە :

١. خۆئامادە كردن و داواكردنی رێنمویی لەخوا :

باوەڕ یارمەتیەکی بێ خەوشە لە خوای بڵندەوە ، دەیبەخشێ بەو بەندانەی کە دەیانبینێ ئارەزووی دەکەن، وەك لە فەرمودە قودسیەکەدا هاتووە : { یا عبادي کلکم ضال إلا من هدیته ، فاستهدوني أهدکم} أخرجه مسلم٤/٩٩٤/رقم٢٥٧٧ . بێگومان قایلبونی ژێری ڕێبازی ئەم ئارەزووەیە .. ئەم قایلبونە دەبێ تێکەڵ ببێ بە لاکردنەوەیەکی دڵی و سۆز، وە چاوەڕوانی ئەو ساتە گونجاوە بکات کە خوای گەورە تیایدا خەڵاتی بکات ، ئەو ساتەی کە دەدرەوشێتەوە و سنگی گوشاد دەبێت بۆ باوەڕ، پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَـٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾الأنعام/١٢٥ .

واتە: ئەو کەسەی خێری تێدا بێت و خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف‌و پاك‌و ئامادە دەکات بۆ ئاینی ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت‌و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێ، هەروەك ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز ببێتەوە، ئا بەو شێوەیە خوا گومڕایی و پیسی هاوڵگەری لەسەر دڵی ئەوان دادەنێت کە باوەڕ ناهێنن.

بۆیە پێویستە مرۆڤی دڵسۆز بەخۆی ، بە گەرمی هەوڵ بدات ، تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ ناسینی خۆی ئینجا پەروەردگاری .. وە

دڵنیابێ کە بەشی لای خوایە و پێویستە بەجوانی داوای بکات﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴾

٢. بەجێهێنانی نوێژەکان بە جۆش و خرۆشەوە و لە کاتی خۆیاندا بە شێوەیەك کاریگەری باشی هەبێ لەسەر رەوشتو مامەڵە و رەفتاری :

﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ﴾العنكبوت/٤٥ .

واتە: بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوانو نادروستی دەکات.

٣. ستایش کردن و یادکردنی خوا بە بێداری و بەردەوامی تاکو ببێتە راکێشەری نوری خوا و روناککردنەوەی ناو دڵەکان :

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴾الرعد/٢٨ .

واتە : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دڵو دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئان و پەیامەکەی خوای پەروەردگار ، ئاگادار بن دڵەکان هەر بە قورئان و یادی خوا و پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە خۆشنود دەبن و دەحەوێنەوە.

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَـٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾الأنفال/٢ .

واتە: بێگومان ئیماندارنی راستەقینە تەنها ئەوانەن:

یەکەم : کەکاتێك ناوی خوا برا ، ئەوە دڵەکانیان دەترسێتو دەهەژێت ..

دووەم: کاتێك ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوەن ئەوە باوەڕیان زیاد دەکات، .

سێههم: له ههموو کارو بارێکیشیاندا ههر پشت به پهروهردگاری خۆیان دهبهستن .

٤. سود وهرگرتن له یاریده دهرهکانی رێگا .. وهك (یادکردن و بیرکردنهوه له مردن، شهو نوێژو نزا و پاڕانهوه لهخوا، تێگهیشتن له رێڕهوی پێغهمبهر(ﷺ) و پهیڕهوکردنی .

٥. سود وهرگرتنی باش له پهروهرشکارهکهی ، بهتێگهیشتن و بهجێهێنانی ئامۆژگاریی و ئاراستهکردنی.

(ب) ئهرکی پهروهرشکارهکه :

یهکهم ههنگاو پێویسته پهروهرشکار پێشهنگێکی باش بێت، بۆ قوتابیهکهی، وهههوڵبدات بۆ خاڵیکردنهوهی له رهوشت و رهفتاره خراپ و ناپهسهندو نا شهرعیهکان، به تێگهیاندن و ترساندن به سهرهنجامی لادان و دوچاربون به سزاو ناڕهحهتی و له دوارۆژیشدا کهوتنه ناو دۆزهخ، ئینجا به جوانی کار بکات لهسهر رازاندنهوهی به رهوشت و رهفتاره جوان و پهسهند و شهرعیهکان، ئهمهش به رێگای فێرکردن و تێگهیاندن و راهێنان.

سێیهم : دهروون (النفس)[1]

دهروون:ئهو هێزهیه که خوای گهوره له ناوهوهی مرۆڤ پێکیهێناوه تاکو بههۆیهوه تاقیمان بکاتهوه:

﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴾ الشمس/٧-١٠ ...

[1] سهیری کتێبی (فقه الدعوة ج١ ل٦١٣ .. الأركان الداخلية للنفس الانسانية) بکه.

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةًۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ الأنبياء/٣٥ ...

﴿فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾ النازعات/٤١.

جا ئەو کەسەی ئەو هێزە بە پاك رابگرێت ئەوا سەربەرز دەبێت و لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو دەبێت، وە بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەو هێزە بەرەڵا بکات ئەوا لە تاقیکردنەوە شکست دێنێت و زەرەرمەند دەبێت .

بەڵێ ؛ دەروون کۆرگەری ئارەزووەکانە لە ناوەوەی مرۆڤدا، بۆیە لە سروشتیدا هەمیشە خوازیاری بەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانیەتی، دەیەوێ بەشی هەبێ لە هەموو کارێکدا کە مرۆڤ ئەنجامی دەدا بەبێ سەیرکردنی سەرەنجامەکانی، وەکو منداڵێك کە هەڵدەستێ بە تەنگ پێهەڵچنین و زۆرکردن لە باوك و دایکی بۆ وەدەست هێنانی شتێك کە لەوانەیە زیانی ئەوی تێدا بێت .

دەروون فەرمان بە خراپە ناکات لەبەر ویستنی خراپە لە خودیا ، بەڵام بەو گومانەی ئارەزوویەکی لێدەستکەوێ .

دەروون : مەیدانی پێسپاردنە ، چروگە، ئەوەی زۆر ئاسودەی دەکات هەست کردنیەتی بەوەی بایەخدارترە لە کەسانی تر، وە ئەوەی زۆر ئازاری دەدا و توشی پەژارەی دەکات هەست کردنە بەوەی لەوان کەمترە.

- **بەشەکانی ئارەزووی دەروون :**

دەروون هەمیشە حەز و مەیلی وا بەلای بەدیهێنانی ئارەزووەکانەوە، ئەمانیش دەبن بە دوو بەشەوە :

١. ئارەزووی دیار : بریتین لە چێژی خواردن و خواردنەوە ... هتد .

٢. ئارەزووی شاراوە : بریتین لە چێژی بەرهەمی پیاهەڵدانو ستایشی خەڵکی ، هەروەها هەستکردن بە بەرزێتیو جیایی لە کەسانی تر ، پلەی بەرزی بە سەریاندا ، پێشکەوتنیان ، لەخۆڕازیبوون … .

- ئارەزووە دیارەکان شەرع رێکیخستون و دیاریکردون لە روی حەڵاڵ و حەرامو رێپێدراو و نەویستراوەکان، بۆیە ئاسانە بۆ کەسانی خاوەن باوەڕی زیندو کە پابەند ببێ بەم رێکخەرانەوە .
- بەڵام ئارەزووە نادیارەکان لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی توندی شەرع لە دابەزین لەگەڵیا ، بەڵام زۆرێك سڵ ناکەنەوە لەم ئاگادارکردنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن وەك مامەڵە کردنیان بە وریاریی و رێکو پێکیەوە لەگەڵ ئارەزووە دیارەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئارەزووە نادیارەکان بەلەزەتترو خۆشترن بۆ دەروون لە ئارەزووە دیارەکان .

وە لە گرنگترین ئارەزووە نادیارەکان کە دەرون بەنج دەکاتو دەیخاتە بارێك لە ئاسودەیی و مەستی و هەستکردنت بە رازیبوون لەخۆ و ، جیابون لە خەڵکی وبەرزی پلەی لەلایان، ئەگەر ویستت ئەندێشەی ئەم هەستانە لێبدەیت پێویستە ئەو جارەت یاد بکەیتەوە کاتێك روبەڕووی پیاهەڵدان دەبیتەوە … وە لە وێنەی ئارەزووی نادیار کە دەروون هۆگری دەبێ: پلە بەرزی لای خەڵکی لە میانەی چاکردنو جوانکردنی کار لەبەردەمیانا، وە باسکردنی کارە باشە نادیارەکان بۆیان .. لەمەش مەترسیتر بەدڵاچونی کارەکانی یان تواناکان و مەزنبونیان لەلای، وە حەزکردن بە سوپاسکردن لەسەر کارێ کە نەیکردووە (بەدرۆ دەیخاتە پێش چاو یان بەرامبەرەکەی بۆ پیاهەڵدان بەدرۆ دەیخاتە روو …)

﴿لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾

آل عمران/١٨٨ .

واته: وا گومان مەبە بەوانەی دڵخۆشن بەوەی کە هەیانە و حەز دەکەن باس بکرێن وە خەڵکی سوپاسیان بکات لەسەر کار و چاکەیەك کە نەیانکردووە، ئەوە هەرگیز وا مەزانە ئەوان لە دەست سزا رزگاریان دەبێت ، بەڵکو سزایەکی بەئێش چاوەڕێیانە .

ئەمەش ئەگەر کەسەکە بەدەمیەوە چوو خۆی دا بەدەستەوە ، ئەوە دوچار دەبێت بە نەخۆشی لەخۆبایی بوون و خۆخەڵەتاندن و فیزکردن و خۆبەزل نواندن بەسەر خەڵکیدا و نەویستنی گوێڕایەڵی بۆ راستی، داننەنان بە هەڵەدا، بۆ ئەمەش ئەم بەڵگە بەسە کە ئیبلیس فەرمانەکەی خوای بەجێنەهێنا کە سوجدەی رێزبردن بوو بۆ ئادەم بەهۆی خۆبەزلزانینەوە :﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾الأعراف/١٢.

☒ **لە ئامانجەکانی پەروەردەی دەروون :**

١. **پەروەردەکردن لە سەر بەندایەتیکردنی راستەقینە بۆ خوای بەرز و بڵند.**

٢. **تێگەیشتنی بەندە لەوەی کە لە نێوان ئەو و بێباوەڕیدا ئەوەیە کە خوا وازی لێ بێنێ:** ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَـٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ

وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾النور/٢١ .

٣. بەندە تێبگات و دڵنیا ببێ کە ملکەچکردنی بۆ خوا ، خوا یارمەتیداوە و وایلێکردووە حەز لە بەجێهێنانیان بکاتو هێز و تواناى پێویستی پێداوە بۆ بەجێهێنانو رێگرەکانی بەردەم بەجێهێنانی بۆ رامالیوە ﴿ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ﴾سبا/٥٠ .

٤. بەدیهێنانی خاکیبوون و مومارەسەکردن بە شێوەیەکی خۆرِەسیو بەبێ زۆر ـە خۆکردن .

٥. مرۆڤ والێبکات لە دەروونیا بچوکبێ و خەڵکی بەباشتر لەخۆی سەیر بکات.

☒ لە هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی دەروون :

١. راهێنانی دەروون لەسەر رەوشتە جوانەکان:

یەکەم هەنگاو بۆ پاکژکردنی دەروونو بەدەستهێنانی سەرکەوتن ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا﴾ پێویستە رابهێنرێ لەسەر خۆرِازاندنەوە بە رەوشتە جوانەکانو خۆدارِنین لە رەوشتە ناشیرینو ناپەسەندەکان .. بۆ نمونە :

- ڕەوشتی بەخشندەیی بەوە دەبێت کە بەردەوام ببەخشیت تا رادێیت لەسەر بەخشین‌و بەخشین ئاسان دەبێت لەلات‌و دەبیتە بەخشندە.
- ڕەوشتی خاکی بوون: بەوە دەبێ کە دەروونت رابێنی لەسەر خاکێتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تا زاڵ دەبیت بەسەر خۆ بەزلزانینداو خاکی بوون ئاسان دەبێت بۆت‌و دەبیتە کەسێکی خاکی.

– هەروەها هەموو شتە جوان و شەرعیەکان بەدەست دێت بەم رێگا، وە دەتوانیت هاوکاری و سودی باش وەرگریت لە پەروەرشکار و راهێنەرانی ئەم بوارە .

٢. مەرجدانان بۆ مامەڵەی دەروون:

هەر وەك بازرگان مەرج دادەنێ بۆ هاوبەشەکەی و ماڵەکەی دەداتە دەستی تا بازرگانی پێوە بکات، دوایی حسابی لەگەڵ دەکات‌و لێی دەپرسێتەوە لە پێناو پاراستنی ماڵەکەی‌و قازانجەکەیدا، ئاوەهاش ژیری بازرگانی رێگەی قیامەتە و مەبەست‌و قازانجەکەشی پاکژکردنەوەی دەروونە وەك پەروەردگار دەفەرموێ ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا﴾ وە سەرکەوتن و قازانجی لە ئەنجامدانی رەفتارە جوانەکان‌و کردارە باشەکانیدایە ، بۆیە پێویستە ژیریش لەم بازرگانیەدا مەرج دانێ بۆ دەروون کە رەوشتە جوان و بەرزەکان‌و رەفتارە باشەکان ئەنجام بدات کە ئەمەیە قازانجی ، وە دوورە پەرێز بێت لە رەوشت‌و رەفتارە خراپ و ناشیرینەکان کە ئەنجامدانیان زیانکردنە لەم بازرگانیەدا، وە ئەرك و مەرجەکانیش بە گوێرەی لێهاتن دابەشکا بەسەر حەوت ئەندامەکەی لەشدا کە بریتین لە چاو‌و گوێ و زمان‌و ورگ‌و داوێن‌و دەست‌و قاچ .

٣. چاودێری : دوای ئامۆژگاری کردنی دەروون‌و دانانی مەرج بەسەریەوە و چونە ناو مامەڵە و کارکردنەوە پێویست بە چاودێریکردن دەکات بە چاوێکی ئێشکگر، چونکە ئەگەر چاودێری نەکرا یاخی دەبێ و توشی گەندەڵی دەبێت، وە چاودێرییەکی سەرکەوتوانەی دەروون بەوە دەبێت پلەی باوەڕ و خواناسی بگەیەنیتە پلەی (إحسان) ئەم پلەش ئەوەیە کە دڵنیا بیت هەمیشە لە ژێر چاودێری خودادایت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ وە پێناسەی (إحسان) لە فەرموودە بەناوبانگەکەی جبریلدا هاتووە: { أن تَعبُدَ الله كأنّك تَراهُ} متفق عليه .

٤. پرسینەوە لە دەروون دوای ئەنجامدانی کار : هەروەك پێویستە بەندەی خواناس لە سەرەتای ڕۆژەوە مەرجەکان بخاتەوە بیری دەروونی وئامۆژگاری، بکات لەسەر ڕەوا و ڕاستی ، ئاوەهاش لە کۆتایی ڕۆژدا کاتێك تەرخانکا بۆ لێپرسینەوەی لەسەر هەڵس‌و کەوت‌و مامەڵە و ڕەفتارەکانی

٥. سزادانی دەروون لەسەر کەمتەرخەمی و تاوانەکانی :

دوای لێپرسینەوە ئەگەر کەمتەرخەمیەك یا گوناهێکی لێدەرکەوت نابێ پشتگوێی بخات، چونکە ئەگەر پشتگوێی خست کەمتەرخەمی و گوناهکردنی لا ئاسان دەبێ و ڕادێت لەگەڵیا و وازلێهێنانی لا گران دەبێ ، بۆیە دەبێ سزایەکی گونجاوی دەروونی بدات لەسەر کەمتەرخەمی و تاوانەکانی ، بۆ نمونە :ئەگەر تیکەیەکی گومانلێکراوی بە ئارەزوو خواردبوو سزای سکی بدات بە برسیکردن.

هەروەها سزای هەر ئەندامێکی لادەری بدات بە قەدەغەکردنی لە ئارەزووەکانی، بەسزایەکی گونجاوو شەرعی .

چوارەم : بزوتن .

لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدایە کە ببزوێ و رەنجبدات لە پێناو بەدەمەوەچونی پێویستیەکانی و هێنانە دی ئاوات و ئامانجەکانی، کەواتە: بزوتن نیشانەی ژیانە . ئەم بزوتنەش دەبێ ئاراستەیەکی راست و دروست بکرێت تاکو بەردار بێت و ببێتە هۆی سەرکەوتن لە هێنانە دی ئامانجی بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا.

وە لەگەڵ پێویستی گرنگیدان بە پەروەردەی زانستی و باوەڕی و دەروونی، گرنگی پەروەردەکردنی بزوتنیش دێت، ئەگەر موسڵمان نەبزوا و هەوڵی نەدا ئەوەی وەریگرتووە بی گەیەنێ و دەستی خەڵکیش بگری بۆ گۆڕانکاری و راست بونەوە، ئەوکاتە خۆی توشی ساردبونەوە و خاوبونەوە و تەمەڵی دەبێت و ئیتر لە مانا و مەبەستی زۆرێك لەوەی فێریبووە تێناگات.

کەواتە ئەم لاشەو بوونە پێویستە پەروەردە بکرێت لە دوو رووەوە :

١. پاراستنی لاشە وپێدانی خۆراکی دروست و وەرزشکردنی پێویست کە لای کەمەکەی ئەو جموجوڵەیە کە لە ئەنجامدانی نوێژدا دەکرێت .

٢. هەستان بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە خواییەی کە خراوەتە ئەستۆی؛ کە بریتی یە لە بەندایەتیکردنێکی راست و دروست ئەمەش بە خۆشەحنکردن، بە نوری خوا بە رێگای پەرستشە تایبەتیەکان و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و خۆشکردنی ژیان تیایدا...

☒ ئامانجی پەروەردەی بزوتن .

پەروەردەی بزوتن دەبێت رێکخستن و ئاراستەکردنی بزوتنی موسڵمان لە ژیاندا بگرێتەوە تاکو ئەم ئامانجانەش بێنە دی :

١. کاریگەریەکی باشی هەبێ لەو جێگای کە تیایدا دەژی :

﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ﴾مريم/٣١.

٢. بەشدارییەکی باش بکات لە ئەنجامدانی پرۆژەی ئیسلامی کە ئامانجی دەستپێکردنەوەی ژیانی ئیسلامەتی راستەقینەیە.

٣. رزگار کردنی مرۆڤ لە تیاچون، وەئاسودەکردنی بە ئیسلام :

﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾الأنفال/٣٩.

لەبەر ئەوەی ئەم بەشە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە خاڵی دووەم و سێیەمەوە لێرەدا زیاتر لەسەری ناڕۆین .

هەنگاوی دووەم :خستنە گەڕی تواناکان لە چاکەکردندا :

(وعملوا الصالحات) کارکردن (العمل) لە (١٥١) ئایەت و (٧٤) فەرموودەدا هاتووە.

العمل ؛ واتە: پیشە و کار .

العمل الصالح : ئەو کارەیە کە رێکوپێکو تەواو بێت، وە پێویستە دوو مەرجی تێدا بێت :

یەکەم : پوخت بۆ خوا بێت ..

دووەم: بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێت .

خوای گەورە بەگوێرەی پێویست وزە و توانای بە مرۆڤ بەخشیوە، سروشتێکی پێداوە کە بجوڵێو رەنجبدات لە پێناو پەیداکردنی پێویستیەکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی، جوڵەش نیشانەی ژیانە .

پێویستە توانای بزوتن ئاراستەیەکی راستو دروست بکرێت تاکو بەردار بێت و سەرکەوتن بەدەستبێنێ لە هێنانەدی ئامانجی بووندا.

بەڵێ پێویستە موسڵمان تواناکانی بخاتە گەڕ لە :

یەكەم : لە خزمەتكردنی خۆیدا؛ لە تەواوكردنی پەروەردەكردنیدا لە هەموو رووەكانەوە و پەیداكردنی پێویستیەكانی بەبێ زیادەڕەوی و كەم ڕەوی، وەك پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ: {فإن لجسدك عليك حقا ، وإن لعينك عليك حقا ، وإن لزورك عليك حقا ، وإن لزوجك عليك حقا} رواه البخاري .

بۆ وەدەست هێنانی سودی باش؛ شارەزابونو راهێنانی دەوێت؛ واتە(گەشەدان بە خود) .

دووەم : لە ئەنجامدانی چاكەكان : پەرستشە فەرمانپێكراوەكان وئەنجامدانی كارە چاكەكان كە تەبابن لەگەڵ قورئان و سوننەتدا ، بەمەش باوەڕ جێگیرتر و بتەوتر دەبێت.

لەم بارەیەوە ئیمامی غەزالی دەفەرموێ :

" كاركردن كار دەكاتە سەر گەشەكردنی باوەڕ و زیادكردنی ، هەروەك ئاودان كار دەكاتە سەر گەشەكردنی درەخت "[1]

بۆ ئەوەی سود وەرگرێ لە كردەوەی چاك؛ دەبی لە پێشا هەستەكان بەهەژێنرێن تاكو پەیوەندی روبدات لە نێوان هەستەكان و ئەندامانی لەشدا، دوای ئەمە كارەكە دێتە بەر وباوەڕ زیاد دەكا؛ وە تا ئەم پەیوەستیەش بەهێزتر بێت كاریگەری توندتر و بەهێزتر دەبێت، بۆ ئەمەش گەورەترین نمونە (نوێژە) وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ :

{ إن الرجل لينصرف وما كتب له إلا عُشر صلاته، تسعها، ثمنها، سبعها، سدسها، خمسها، ربعها، ثلثها، نصفها}[2].

---

[1] أحياء علوم الدين ج١ ص١٢٠ .

[2] حديث حسن أخرجه أبوداود .

هەروەها دەفەرموێ : { اذكر الموت في صلاتك فإن الرجل اذا ذكر الموت في صلاته لحريٌّ أن يحسن صلاته }[1] .

هەژاندنی هەستەکان یادخستنەوە و هاندانی دەوێ ، وە بەگوێرەی پلەی باوەڕو گرانی کارەکە قەبارەی یادخستنەوە و هاندان دەگۆڕێت.. بۆ نمونە جەنگ لەو کارانەیە کە لەسەر دەروون گرانە ، بۆیە ئاراستەی قورئان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) :

﴿ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِ﴾[2] .

واتای (حرِّض) : زۆر بیانوروژێنە و هانیان بدە.

وە ئامانجی هاندان و یادخستنەوە ؛ وروژاندن و جۆشدانی هەستەکانە ... هەستی (حەز یا تەماع، ترس، پیاوەتی ... هتد) وە چەمکی هاندان و یادخستنەوە پێش کارکردن تا ئاستێکی بەرز هاوبەشی دەکەن لەگەڵ چەمکی نیەتهێنان پێش کارکردن.

نیەت : واتە: مەبەستو جوڵانو ئاراستە بوون، وە تا ئاراستە بوون و روکردنە خوا لەکارکردندا بەرزترو قوڵتر بێت کارەکە سودی زیاتر دەبێت.

هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ هاندان و بیرخستنەوە کە دەتوانین بەکاریان بهێنین پێش دەستپێکردنی کار و بە گوێرەی گونجانی لەگەڵ کار و مەبەستو کاتی هەبوو ؛ بۆ نمونە: ئەو کەسەی لە سەر رێگا لەبەر دەمیدا بەردێ دەبینێ ؛ پێویستی دەبێ بە هاندانێکی خێرا بە هۆکارێك یا دوو هۆکار پێش ئەوەی بەردەکە لاببات، لەو هۆکارانەش :

١. پرسیار : بەڵێ پرسیارکردن :

---

[1] حديث حسن أخرجه أبوداود .

[2] الأنفال/٦٥ .

(أ) هەستی حەزکردن بۆ زانینی وەڵام لە ناخی مرۆڤدا دەجۆشێنێ.

(ب) بیردەخاتە گەڕ بۆ گەڕان بەدوای وەڵامدا.

(جـ) هۆکارێکی گرنگە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژیری .

قورئان پڕە لە ئاراستەکردن و واتا ئیمانیەکان بە پرسیارکردن، وەك :

﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا﴾[1]

هەروەها سوننەتیش پڕە : وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : {أتَدرونَ مَن المُفلِس}[2]

{ ألا أخبركم ، بأفضل من درجة الصيام ، والقيام ؟ " ، قالوا : بلى يا رسول الله ، قال : " إصلاح ذات البين ، وفساد ذات البين هي الحالقة}[3]

بۆ هاندان پێش کارکردن چاك وایە بپرسین لە خۆ-ان ،وەك:

(أ) بۆچ ئەم کارە بکەم ؟

(ب) بۆچ دەستنوێژ بگرم ؟

(جـ) بۆچ بەکۆمەڵ لە مزگەوت نوێژ بکەم ؟

٢. یادکردنی خوا لە کردنی ئەو کارەدا : یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان، بیرکردنەوە لەوەی کە خوای پاك و بڵند پێی خۆشە بەندەکەی لەم کارە چاکەدا ببینێ ، وە شانازی پێوە دەکات لای فریشتەکان، وە چاکەکردن دەبێتە هۆی وەدیهێنانی ڕەزامەندی خواو نزیکبونەوە

---

[1] الكهف/١٠٣ .

[2] أخرجه مسلم .

[3] حديث صحيح أخرجه ابو داود.

لێی، وە یادکردنەوەی ئەم مانایانە هەستی تامەزرۆیی خولیابوون بۆ خوا دەهەژێنێ .

لەو ئایەتو فەرمودانەش کە دڵنیامان دەکەن لەم مانایە :﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴾البقرة/٢٢٢.

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ: { إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملا أن يتقنه}[1]

٣. یادخستنەوە بە چاکیو گرنگی کارکردن: دەروونی مرۆڤ حەز دەکات لە وەدەستهێنانی هەر سودێك کەوتە پێش چاویو وەرگرتنی کرێ لەسەر هەر کارێك کە ئەنجامی دەدات، وە هەستی حەزکردن لە دڵیدا دەوروژێت هەر کە تێگەیشت لە گرنگی ئەو کارەی کە نیازی هەیە بیکات. کەواتە یادخستنەوەی سودو گرنگی کارەکە هاندەرێکی سوك و باشە بۆ کردنی کارەکە، قورئان و سوننەت زۆرێك لەم نمونانەی تێدایە ، وەك : ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ﴾ البقرة/٢٦١ .

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ: { عليكم بقيام الليل ؛ فإنه دأب الصالحين قبلكم، وإن قيام الليل قربة إلى الله تعالى ، وتكفير للسيئات ، ومنهاة عن الإثم ومطردة للداء عن الجسد}[2]

---

[1] حديث حسن أخرجه البيهقي .

[2] حديث صحيح أخرجه الترمذي .

٤. ترسان له ئەنجامی خراپی کارنەکردن:

له سروشتی مرۆڤه ئەگەر ترسێنرا دەترسێت، ئەگەر سەرکەوتو بوین له یادخستنەوەی خۆمان له مەترسی واز هێنان له ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان، یا ساردوسڕی له بەجێهێنانیاندا و بەمەش چەند زیانی ئەم دنیا و قیامەتیشمان لێ دەکەوێت بێگومان ئەم یادخستنەوەیە پاڵمان دەنێت بۆ ئەنجامدانی . ئایەت و فەرموودە لەم بارەوە :

﴿هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تُدۡعَوۡنَ لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبۡخَلُۖ وَمَن يَبۡخَلۡ فَإِنَّمَا يَبۡخَلُ عَن نَّفۡسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾محمد/٣٨.

واته: ئا ئەوەته ئێوە بانگ دەکرێن تا بەخشینتان هەبێت له پێناو خوادا ، کەچی هەتانە رەزیل و بەرچاو تەنگە ، خۆ ئەوەی رەزیل‌و بەرچاوتەنگی هەبێت، ئەوە بێگومان هەر رەزیلی له خۆی دەکات‌و زەرەر لەخۆی دەدات ، چونکە هەر خوا خۆی دەوڵەمەند و بێ نیازە ، هەر ئێوەن هەژار و نەدار و کەم دەست‌و بەنیاز ، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم دین و بەرنامەیە ، خوا کەسانی چاکتر له ئێوە دەهێنێتە مەیدان، کە بە هیچ شێوەیەك له ئێوە ناچن‌و وەك ئێوە نابن .

پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ: { أسوأ الناس سرقة الذي يسرق من صلاته قالوا : كيف يسرق من صلاته ؟ قال : لا يتم ركوعها ولا سجودها ولا خشوعها }[1]

---

[1] حديث حسن اخرجه أحمد .

٥. یادخستنەوە لە هەڵوێستە چاکە پێشووەکان:

ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ورە دەوروژێنێ و پاڵدەنێت بۆ هەستان بەکارکردن، کاتێ هەستت کرد بە ساردو سڕی و تەمەڵی بۆ هەستان بۆ شەو نوێژ ، یادی خۆت بخەرەوە لەو شەوەی کە نیوەشەو هەستایت بۆ شەونوێژ کە چەند ئاسان و خۆش بوو .. وە کاتێ هەستت کرد کە بێکەڵکە هەستی بە کردنی کارێك لە ئەنجامی تەسکی کاتو کەم توانایی لەسەرتە یادی خۆت بخەیتەوە لە هەڵوێستی باش کە پێشتر توشت هاتو بارودۆخەکە سەختتربوو لەگەڵ ئەمەشا خوای گەورە خەڵاتی کردی بە گونجان و ئەنجامدانو سەرکەوتن.

سەرنجی ئایەتەکانی (٦٢-٦٣)سورەتی الأنفال بدە: ﴿وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخۡدَعُوكَ فَإِنَّ حَسۡبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡۚ لَوۡ أَنفَقۡتَ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مَّآ أَلَّفۡتَ بَيۡنَ قُلُوبِهِمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٦٣﴾ ﴾ .. کە تیایاندا یادی پێغەمبەر(ﷺ) خراوەتەوە بە هەڵوێستە پێشوەکان کە دەسەڵات و پشتیوانی خوای تیا دەرکەوت تاکو دوای ئەم یادخستنەوە ئەم ئاراستانە بکرێت بەم ئایەتانە (٦٤-٦٥/ الأنفال):﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ

عَلَى ٱلْقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ يَغْلِبُواْ مِاْئَتَيْنِۚ
وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٌ يَغْلِبُوٓاْ أَلْفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ
قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾

٦. وتو ويژو قايلكردن و هەڵسەنگاندنى ژيريانە :

كاتىَ مرۆڤ قايلدەبىَ بە گرنگى و نرخى ئەو كارەى داواى بەجێهێنانى لێكراوە، وە چەند سودمەند دەبێت ، ئەمە هانى دەدات بۆ بەجێهێنانى بە هەستى حەز و پێويستى ، وە هەروەها كاتىَ قايلدەبىَ بە مەترسى و زيانى ئەو ئيشەى كە دەيەوىَ بيكات، ئەو كاتە بە ويستى خۆى واز لە كردنى دەهێنىَ، ئالێرەوە گرنگى وتو ويژو قايلبون دەردەكەوىَ، ئيتر لە نێوان مرۆڤ و خوديا بێت يا لە نێوان خۆى و كەسانى تردا بێت، وە چاك وايە وتو ويژ لەم بارەوە هەڵقوڵاوى ئەو ياسايە بێت كە ناوەرۆكەكەى : (چاكێتيت بەرژەوەنديتە) (سودمەندى يەكەم لە كارى چاك بكەرەكەيەتى)

بەڵىَ دەروونى مرۆڤ حەز ناكات لە دەستچونى كارێك كە سودى پێبگەيەنىَ، يا كەوتنە ناو زيانێك كە ئازارى بدا، بۆيە دەبينين قورئان ئەم رێگايەش بەكار دەهێنێت بۆ قايلكردن، بۆ نمونە : ﴿إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَاۚ ﴾الأسراء/٧ .

واتە: ئەگەر چاكە بكەن، ئەوە هەر بۆخۆتان چاك و بەسودە، ئەگەر خراپە و تاوانيش بكەن ئەوە هەر يەخەى خۆتان دەگرێتەوە .

﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا ۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾ ﴾الأنعام/١٠٤ .

واته : بێگومان چەندەها بەڵگەی روناکبیرتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە ، جا ئەوەی خۆی روناکبیر بکات و لە راستیەکان تێفکرێت، تێبگات و گۆڕانکاری لە بیرو هۆش و ژیانیدا ئەنجام بدات ، ئەوە هەر خۆی قازانج دەکات ، ئەو کەسەی چاو دەنوقێنێ لە ئاستی روناکبیریە خواییەکاندا و لەڕاستی لادەدات ، ئەویش هەر لەسەر خۆی دەکەوێت و خۆی زەرەر دەکات و من { واتە پێغەمبەر (ﷺ)} بەهیچ شێوەیەك چاودێرنیم بەسەرتانەوە .

﴿ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ ﴾ فصلت/٤٠ .

وە سەرنج بدە لەو وتو وێژەی نێوان پێغەمبەر (ﷺ)و ئەو گەنجەی کە هاتە لای و داوای رێگاپێدانی زیناکردنی لێکرد. کاتی پێویستی چاك وایە ئەم رێگایەش بگرینە بەر بۆ هاندانی خۆمان و خەڵکیش ؛ بۆ نمونە: کاتێ بانگی بەیانی دەبیسین و هەست دەکەین بە ساردی و سڕی و تەمەڵی ، با وتو ویژ لەگەڵ دەروونی خۆمان بکەین بەم وتانە : .. خەو و حەوانەوە خۆشە .. بەڵام گەر نوێژەکەت لە دەستچوو کێ زیاندەکات؟ کێ پیت و بەرەکەتی ئەو رۆژەی لەدەست دەچێ ؟ کێ ئەمڕۆ پەنا و پاراستنی خوای لەکیس دەچێ ؟

٧. هاندان لە میانەی خستنە روی پێشەنگێك :

سروشتی دەروونی مرۆڤ وایە کە حەز ناکات کەس پێشی کەوێت، بۆیە لەسەرمانە کە هەستی پیاوەتی و پەرۆشی و ئازایەتی بوروژێنین،

وه ئاراستهیهكی راستی بكهین بهرهو ههڵسان بۆ بهجێهێنانی كرداری داواكراو له میانهی یادخستهوه به كهسانێك كه ههستاون به ئهنجامدانی ئهو كاره به باشترین شێوه، قورئان پڕه لهو ئایهتانهی كه موسڵمان هاندهدات بۆ ههڵسان به كرداری چاك ئهمهش له میانهی نمونهی مرۆڤێ كه ههڵساوه به كردنی به باشترین شێوه، وهك :

﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ۚ ٱجْتَبَٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾﴾النحل/١٢٠-١٢١ .

پێشڕهو كاریگهری بههێزه ، وهكو وتراوه : {(كاری پیاوێك لهسهر ههزار پیاو باشتره له وتهی ههزار پیاو بۆ پیاوێك) (ئهگهر دهتهوێ پێشهوام بی پێشم كهوه) (پێشهنگی پێشهواییه بهبێ میرنشینی)}

٨. چیرۆك :

چیرۆك رۆڵێكی دیار و بهرزی ههیه له بزواندنی ههستهكان‌و دهرخستنی سۆز و جێگیر كردنی بیر له ژیریدا، چیرۆك پێویستی نیه به ههوڵدانێكی زۆر بۆ گواستنهوهی بیرۆكهكانی بۆ دهروون .. چونكه له باری دهروونی مرۆڤه ئهگهر روداوێكی دی كاریگهر دهبێ لهگهڵیا ههروهها چیرۆك كاریگهری ههیه لهسهر بیسهران یا بینهران كه لهو كاتهدا له ئهزمونێكی دهروونیدا دهژین ، وه رێگایهكی درێژیان بڕیوه به گوێرهی درێژی چیرۆكهكه، وه كاریگهرییهكی ویژدانی‌و گیانی بهجێدههێڵێ له دهروندا، وه ئاماده دهبێت زیاتر و زیاتر بۆ ئهنجامدانی ئهوهی كهچیرۆكهكه دهیگهیهنێ.

٩. نمونه هێنانەوە: ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هاندانی مرۆڤ بۆ هەستان بەکارێك لە میانەی نزیکخستنەوەی واتاکەیو کاریگەری لەسەر هەستەکان وە لە سودەکانی :

(أ) دەرخستنی وێنەیەکی واتایی لە وێنەیەکی هەستیدا کە ژیری وەریدەگرێ .

(ب)ژیری خەڵکی دەدوێنێ بەوەی دەیناسن ، وا دەکات نادیار دەخاتەبەر دەمیان ودورییان بۆ نزیك دەخاتەوە.

مامۆستا نورسی لەم بارەوە دەفەرموێ:

- بە دووربینی (ضرب الأمثال) دوورترین حەقیقەت لە پێش، چاو یەکجار نزیك دەخرێتەوە .
- بەهۆی یەکێتی بابەتیش لە (ضرب الأمثال)دا زۆربەی مەسەلە پەرشو بڵاوەکان کۆدەکرێنەوە.
- بە پلیکانەی (ضرب الأمثال)دا زۆر بە ئاسانی سەرکەوتن بۆ بەرزترین حەقیقەت بەدەس دێت[1] .

قورئان و سوننەت زۆرێك لە نمونە هێنانەوەیان تێدایە وەك :

﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾﴾الزمر/٢٩ .

---

[1] مەکتوبات لاپەرە/٦٣٨ .

﴿لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾﴾ الحشر/٢١.

لەم بارەوە پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ : {مثل المؤمنين في تراحمهم وتوادهم ، وتواصلهم كمثل الجسد ، إذا اشتكى عضو منه تداعى له سائر الجسد ، بالحمى والسهر}[١] .

١٠. وێنەی کاریگەر :

ئەوەی چاو دەیبینێ واتاکەی بە خێرایی دەگاتە ژیری و دڵ ، وە کاریگەری زیاتر دەبێ لەسەر هەستەکان لەوەی پێیدەگات لە رێگەی بیستنەوە .. گەر سەرنجی باری موسی پێغەمبەر (علیه السلام) بدەین کاتێ خوای گەورە ئاگاداری کرد لەوەی کە گەلەکەی کردیان لە بەندایەتیکردن بۆ گوێرەکەکە ؛ کاریگەر بوو، رقی هەڵسا بەلام ئەو لەوحانەی بەدەستیەوە بوو فرێی نەدان ، بەلام کاتێ چوو بۆلای گەلەکەی و بەچاوی خۆی گوێرکە پەرستیەکەی لێبینین زۆر زیاتر رقی هەڵساو لەوحەکانی فرێدا، لەم واتاوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : {ليس الخبر كالمعاينة انّ الله أخبر موسى بما صنع قومه في العجل فلم يلق الألواح فلما عاين ماصنعوا القى الألواح فانكسرت}[٢] .

---

١ متفق عليه ، أخرجه البخاري .

٢ أخرجه أحمد .

بەڵێ لە هۆکارە مەزنەکان بۆ هاندان؛ بەکارهێنانی وێنەی زیندووە،وە پیشاندانی کاریگەرە کە دەنوسێ بە ژێرییەوە و هەستەکان دەبزوێنێ بەرەو ئەوەی وێنە کە دەیگەیەنێ ، نمونە :

- {لە جابر(ﷺ) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) بە بازاڕدا دەڕۆیشت و خەڵکی بەملا و لایەوە بون، رۆیشتن بەلای کارژۆڵەیەکی گوێ بچوکی مرداروبودا، گوێیەکی کارژۆڵەکەی گرت و فەرموی : کامتان ئەمەی دەوێ بە درهەمێك؟ ، وتیان بە هیچ نامانەوێ ، چی لێ بکەین ؟ ئەی دەتانەوێ ئەمە بۆ ئێوە بێ ؟ وتیان : وەڵڵا ئەگەر زیندوش بوایە عەیبداربوو، ئەمە "اسك"ە و ئێستا مردارەوە بوشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : سوێند بە خوا دنیا لای خوا سوکترە لەمەی لەلای ئێوە }[1]

خوێنەری بەڕێز بیهێنە ئەندێشەت لەگەڵ من؛ ئەم دیمەنە چەندە کاریگەری [illegible] لەسەر ئامادەبووان،وە پەیوەندییان بە دنیاوە چۆنی لێهاتووە دوای ئەمە؟!

- بانگخوازێك وتەوەی موحازەرەیەکی پێ سپێررا لە بارەی برایەتی و خۆشویستن لەبەر خوا و گرنگی زۆری بۆ بانگخوازان .. ئەم بانگخوازە بیری کردەوە و داوای پشتیوانی لە خوا دەکرد تاکو رێنمویی کرد بۆشێوازێکی نوێ:

دوای سوپاس و ستایشی خوا و ناردنی درووود بۆ سەر گیانی پێغەمبەر (ﷺ) :

---

[1] اخرجه مسلم .

تەسبیحێکی درێژی لە گیرفانی دەرهێنا ، داوای ناوەکەی کرد لە ئامادەبووان، وەڵامیان دایەوە، بەردەوام لەبەر چاویان بەلای راستو چەپدا هەڵیدەسوڕان داوایلێکردن بە چڕی سەرنجی بدەنێ.

بۆ چەند ساتێك بەبێ دەنگی مایەوە ، لە پاشا مقەستێکی لە گیرفانی دەرهێنا، لە ناوەڕاستیدا بە مقەستەکە پەتی هۆندنەوەکەی قرتاند، دانەکانی تەسبیحەکە لە پەتەکە دەرچونو بە هۆڵەکەو ژێرپێی ئامادەبواندا بڵاو بونەوە، هەموو ئامادەبوان دۆشدامان لەم دیمەنە کاریگەرە.

لەم ساتەدا بانگخوازەکە بێدەنگیەکەی بڕی و وتی بەدانیشتوان: بە دڵنیاییەوە دەمەوانەی ئاسودە بۆ ئەم بانگەوازە پاش هێزی پەیوەندی بە خواوە ؛ بریتی یە لە پەیوەندی برایەتی، برایەتی ئەو بەستەرەیە کە دڵانی رۆڵەکانی بانگەواز رێکدەخات ، هەندێکیان پەیوەست دەکات بە هەندێکی تریانەوە، ئەگەر ئەو بەستەرە خاو بوە یا پچڕا ئیتر دڵەکان پرژو بڵاو دەبنەوە و لەیەك دور دەکەونەوە، ئەمەش خراپترین کاریگەری دەبێ لەسەر بانگەواز.

بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر جێگاکەدا، ئامادەبووان هەستیان بە مەترسی کرد ، باش لە پەیامەکە گەیشتن، ئینجا چەمینەوە و دەنکەکانی تەسبیحەکەیان کۆکردەوە تاکو سەرلەنوێ بە پەتێکی بەهێزتر بیهۆننەوە ، هەڵسان و دەستیان کردە ملی یەکتر و بەوپەڕی دۆستایەتی و خۆشەویستیەوە تەوقەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، چاوەکان فرمێسکیان دەڕشت، دڵەکان ترپەیان دەهات ، سینەکان بێگەرد و پاك .

سێ یەم : بانگکردنی خەڵك بۆ سەر رێگاکەی خوا :

پێویستە موسڵمان خەبات بکات بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ سەر ڕێگاکەی خوا: ﴿قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ﴾ يوسف/١٠٨ .

بەڵی پێویستە موسڵمان لەگەڵ چاکێتی خۆیدا هەڵسێ بە گەیاندنی پەیامی خوابە خەڵکی و بانگکردنیان بۆ سەر ڕێگاکەی : ﴿قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَٰغٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦۚ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾﴾ الجن/٢٢-٢٣ .

واتە: بڵێ بەڕاستی من هەرگیز هیچ کەسێك لە خوا پەنام نادات ئەگەر [illegible] بیەوێت توشی زیانێکم بکاتو هەرگیز پەناگا[illegible]کم دەست ناکەوێت جگە لای خوا نەبێت، بەڵکو من تەنها گەیاندنی پەیامەکانو بەرنامەی خوام لەسەرە ، جا ئەوەی لە خوا و پێغەمبەرەکەی یاخی ببێت ئەوە با دڵنیا بێت کە دۆزەخی بۆ ئامادە کراوە بۆ هەمیشە و هەتا هەتایی.

ئەنجامدانی ئەم ئەرکە تەکلیفێکی خواییە بۆ شایەتیدان لەسەر خەڵکی : ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ ... ...﴾ البقرە/١٤٣ .

واتە: بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە وبۆ ئەوەی پێغەمبەریش شایەتی بدات بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون .

وه بۆ ئەوەی شایەتیەکی راستو دروست بدەین لە رۆژی قیامەتدا پێویستە یەکەم بە جوانترین شێوە پەیامەکەی خوایان پێڕاگەیەنین ، دووەمیش بزانین هەڵوێستیان چی یە لەم پەیامە . تا کاتێ پەروەردگار لە قیامەتدا پرسیاری لێکردین لەم شایەتیدانە بتوانین وەڵام بدەینەوە کە پەیامەکەمان گەیاند بە فلان و فلان هۆز هەندێکیان وەڵامیانداوە و هەندێکی تریشیان بێوەڵام بوون.

بەڵێ خوای گەورە هەڵگرتنی پەیامێکی بە باوەڕداران سپاردووە ، وە ئەرکێکی مەزنی خستۆتە گەردنیان کە بریتی یە لە : رێنماییکردنی خەڵکی بۆ رەوا، وە رابەریکردنی خەڵکی بۆ خێر،وە روناککردنەوەی هەموو جیهان بە خۆری ئیسلام، لە پاشا خوای پیرۆز و بڵند پیشانی دەدا کە باوەڕدار لە پێناو ئەم مەبەستەدا سەروماڵی فرۆشتوە بەخوا و تەرخانیکردوە لە پێناو سەرخستنی باتگەوازی ئیسلام دا و گەیاندنی بە دڵی خەڵکیو رزگارکردنیان لە تاڵی ژیان : ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ﴾ التوبە/١١١ .

واتە: بەڕاستی خوا ، گیان وماڵی لە ئیمانداران کڕیوە بەوەی کە بەهەشت بۆ ئەوانە . بەم شێوەیە موسڵمان سەرو ماڵی تەرخان دەکات بۆ بانگەوازەکەی ، وە لە قیامەتدا پاداشتەکەی وەردەگرێتەوە .

هەنگاوی سێیەم : رێنماییکردن و فەرماندان بە راستی و رەوا :

﴿وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ﴾ .

بەڵێ رێنمایی کردن و فەرماندان بە ڕاستی و رەواپێویستە، بە دڵنیاییەوە هەستان و بەرگریکردن لە داد و رەواو سەلماندیان ئەرکێکی سەختو پڕمەترسیە ، وە کۆسپەکانی رێگای ئەنجامدانی ئەم ئەرکە زۆرن؛ (ئارەزووی دەروون، بیروباوەڕەکانی دەوروبەر، بیرسای بەرژەوەندی، یاخیگەرێتی یاخیان، ستەمی ستەمکاران، توندوتیژی سەرسەختو نامەردان، دەست درێژی دەست درێژکاران ...) بۆیە توێشوی تایبەتی دەوێ ، رێنماییکردن، یادخستنەوە، ئامۆژگاری یەکتری، هاندان و ئاگادار کردنەوە؛ هێمان بۆ گەشەکردنی برایەتی. هەستکردن بە ئەرکو سپاردە؛ نیشانەن بۆ نزیکبونەوە لە مەبەستو ئامانج. ئامۆژگاری کردنی یەکتر کردەوەکانی تاکە تاکە کۆدەکاتەوە و کاریگەری لە نێوانیاندا پێکدەهێنێ و گەشەیان پێدەکاو دەیانکاتە پاسەوانی راستەقینەی داد و رەوا ، هەر کە پاسەوانێکی رەوا هەستی بەوە کرد کە تەنها نیە و کەسی تری لەگەڵدایە و ئامۆژگاری و رێنمایی دەکات و پشتی دەگرێ و لە مەیداندا لەگەڵیدا دەوەستێ و هەڵوێستی لەگەڵدا دەگرێ، خۆشی دەوێو پشتی تێناکا و بەجێی ناهێڵێ، بەمە گێجی ورەی بەرز دەبێتەوە و توانا و گەشە دەکات و زۆر دەبێت، ئیتر وایلێدێت بەرگە بگرێ وکۆڵنەدەر بێت . دەبێ ئەوەشمان لا رونبێ کە ئەم ئاینی ئیسلامە بەرز و راوێساو نابێ بەبێ پاسکردنی لەلایەن کۆمەڵێ موسڵمانی یەکگرتووی هاوکارو رێنمایی کارو دەستەبەرکار و زامنکاری یەکتری کە برایەتی ئیمانی لە ناویاندا بدرەوشێتەوە ، وە بۆ پێگەیاندنی ئەم کۆمەڵە خوای گەورە پەروەردەی ئیمانی و راهێنان لەسەر چاکەکاری، لەسەر نەخشە جوانەکەی رێگای رزگاری سورەتی (العصر) خستە ریزی پێشەوە .

هەنگاوی چوارەم : ئامۆژگاری ورێنماییکردن بە ئارامگرتن :

﴿وَتَوَاصَوۡا بِٱلصَّبۡرِ ﴾

پەروەردە بوون لەسەر باوەڕ و راهاتن لەسەر کارکردنی چاك و هەستان بە ئەنجامدانی داخوازییەکانی پاسەوانی و پاراستنی داد و رەوا - گرانترین ئەرکی تاك و کۆمەڵی باوەڕدارە - ئەمەش ئارامی و ئارامگرتنی دەوێ ، ئارامگرتن لەسەر خەباتی بێ وچانی دەروون ، بەرەنگاری نەیاران، ئارامگرتن لەسەر ئازار و شەکەتی و ناڕەحەتی، ئارامگرتن لەسەر خۆهەڵکێشان و لەخۆ بایی بوون و ستەمی ستەمکاران، ئارامگرتن لەسەر بازدان و فجوقکردنی شەڕخوازان ، ئارامگرتن لەسەر دوور و درێژی قۆناغەکانی خەبات و رێگای گەیشتن بە سەرکەوتن و ... ئەمانە هەموو بۆ بەرەنگار بونەوە و بڕینی رێگا و بەدەست هێنانی سەرکەوتن پێویستن بە شێنەیی و لەسەر خۆیی.

بەڵێ ئامۆژگاری و رێنماییکردن بە ئارامگرتن، توێشوی رێگایە و تواناکان شەحن و بەهێز دەکات، بە وروژاندنی هەستکردن بەتاقانەیی ئامانج و تەنهایی روتێکراو، یەکێتی و پشتگیری هەمووان ، پێدانی خۆشەویستی و ورە و کۆڵنەدان ..تا کۆتا واتای کاری کۆمەڵی، کە راستێتی ئیسلام لەو دۆخەدا نەبێ ناژی و دەرناکەوێ ئەنجامیش زیان و خەسارەتمەندییە. ئامۆژگاریکردنی یەکتر بۆ پاراستنی رەوا و دانبەخۆدا گرتن، وێنەی نەتەوەی موسڵمانی لێدێتە بەرچاو ، کە بوونێکی تایبەتی و پەیوندیەکی سەربەخۆ و رێچکەیەکی یەکگرتووی هەیە ... ئەو نەتەوەیەی وەك چۆن هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەکان ئاوەهاش هەست بە بوونی خۆی دەکا، راستی ئەو باوەڕ و رەفتارە چاکەی کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە دەزانێ و هەر بەمەشەوە پێشڕەوایەتی

خۆی بۆ مرۆڤایەتی دێتە بەرچاو ..بۆیە هەمیشە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکو سپاردە پیرۆزەی کە کەوتۆتە ئەستۆیان، یەکتر ئاراستە دەکەن و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە نمونەی رەفتاری و گوفتاری بۆ ئارامگرتنو نەبەزینو کۆڵنەدان .

بەڵێ ئەمەیە تاکە رێگای رزگاری کە خوای گەورە دیاریکردووە و نەخشەی بۆ کێشاوە لە سورەتی(العصر) دا.

بۆیە هەر کە دوو موسڵمان لە هاورێیانی پێغەمبەر(ﷺ) بەیەك دەگەیشتن لێکدانەدەبڕان هەتا هەردووك سورەتی(العصر)یان بۆ یەکتر نەخوێندبایە ..بەم خوێندنەوە بەڵێنیان تازە دەکردەوە بۆ یەکتر کە باوەڕەکەیان بتەوتر بکەن و چاکە بکەن، بەردەوام پشتگیری و ئامۆژگاری یەکتر بکەن بۆ پاراستنو سەرخستنی داد و رەوا، پاراستنی ئەم دەستورە خواییە، دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتن ..

بەڵێنیان دەدا کە هەردووکیان لەم دەستەو بەرەیە بن کە باوەڕیان بەم دەستورە خواییە هاوردووە ..

ئینجا دۆعا خوازیان لە یەکتر دەکرد و دەڕۆیشتن بەدەم ئیش و کاریانەوە .

دەبا ئێمەش چاو لەوان بکەین تا رزگار ببین لە زیانو بە سەربەرزی بژینو بە سەربەرزیەوە بگەڕێینەوە بۆ لای پەروەردگارمان .


٢٨ ی رەمەزانی ١٤٣٤

تەواو بوو

سەرچاوەکان

١ـ تەفسیری ئاسان — بورهان محمد أمين
٢ـ تەفسیری فتح القدير — محمد بن علي بن محمد الشوكانى.
٣ـ في ظلال القرآن — سيد قطب.
٤ـ أحياو علوم الدين — تصنيف الامام أبي حامدمحمد بن محمد الغزالي.
٥ـ العودة الى القرآن — د. مجدي الهلال
٦ـ التوازن التربوي — د. مجدي الهلال
٧ـ نظرات في التربية الايمانية — د. مجدي الهلال
٨ـ فقه الدعوة الى الله — عبدالرحمن حسن جنبكة الميداني
٩ـ الفتح الرباني و الفيض الرحماني — سيد عبدالقادر الجيلاني
١٠ـ آداب الصحبة والمعاشرة مع اصناف الخلق — .لامام الغزالي

ناوەڕۆك



لەم نامیلکەیەدا

- هەنگاوەکانی ڕزگاری مرۆڤ.
- ڕێگاکانی پەروەردەی ئیمانی.
- هۆکارەکانی کالبونەوەی ئیمان.
- هۆی جیاوازی نێوان گوفتار و کرداری موسولمان

دەخوێنیتەوە و وەڵامی کۆمەڵێ پرسیارت دەستدەکەویت

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٠٩٠) ی ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە